# ئەنفالی بادینان و کۆمەڵکوژی لە شوێنی نیشتەجێ بووندا لەیادی ئەنفالی کۆتاییدا

**عومەر محەمەد**

ئەم نوسینەم لەیادی کۆمەڵکوژی ناوچەی بادینانـدا دەخەمە روو، تیایدا تیشک دەخەمە سەر هەندێک جیاوازی لەچاو ئەنفالی ناوچەکانی تردا، هەروەها کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ و گوندی مێرگەتی دەخەمە بەردیدەو ئەو زانیاریانەشیان دەخەمەسەر کە پێشتر لەمەر ئەنفالی ئەم ناوچەیە بەردەستم نەکەوتبوون وئێستا بەردەستن.



دەمەوێ هەر لەسەرەتاوە ئەوە بخەمەڕو کەوا ئەنفالی بادینان کە لەنوسراوەکانی بەعسدا بە ئەنفالی کۆتایی ناویان هاتووە، لەدوای ئەنفالی گەرمیان لەروی ژمارەو وێرانکارییەوە بەپلەی دووەم دێت، بەڵام بەهۆی گرنگی نەدانی رێکخراوەکانی ناوچەکەو کەمی چالاکوانی ئەوبوارە لەو ناوچەیەو گرنگی نەدانی دەسەڵاتی ناوچەکە بە دۆسێی ئەنفال کەمتر باسکراوەو زانیاریشیان لەبارەوە کەمتر زانراوە . دەنا ئەگەر لەگەرمیان باس لە بێسەروشوێنکردنی ٢٥٠٠٠ بیستوپێنج هەزار ئینسان دەکرێت، ئەوا لەبادینان، ، بەپێی راپۆرتی هەڵسەنگاندنی فەرماندەیی فەیلەقی پێنج بە واژۆی لیوا روکن یونس محەمەد زەرب پێشەوای فەرماندەیی فەیلەقی پێنج تەنها لە بادینانـدا ١٣٣٩٥ سیانزە هەزارو سێسەدو نەوەدوپێنج کەس گیراون، شیکردنەوەکەی لیواروکن یونس زەرەب گیراوەکانیشی پۆلێنکردووە لە راپۆرتی فەیلەقی پێنجدا کە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنفالی ناوچەی بادینان کردووە، دەنوسێت: ئەو تێکدەرانەی خۆیان بە دەستەوە داوە (803 ) ئەو تێکدەرانەی کەوا گیراون( 771) پیاوەکان (1489) ئافرەتەکان(3368 ) منداڵەکان(9 646) کۆی گشتی(13395). ئەمە جگەلەو ٣٣ پیاوەی لەگوندی کورێمێ سەربە ناحیێ مانگێشک و ئەو حەوت پیاوەی لەگوندی مێرگەتی و ئەوانەشی بەگازی کیمیایی لە گوندی برجینی کۆمەلکوژکراون. لەبەشێکی تری راپۆرتەکەدا ژمارەی قوربانیەکان هەڵدەکشێن بۆ ١٤٤٧٣ کەس و دیسان پۆلێنکراون (دواتر دێینەوەسەری)

رێکەوتی ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ دەستپێکی پەلاماری ئەنفالی ناوچەی بادینانە، هێشتا قۆناغی حەوتەمی ئەنفال کۆتایی نەهاتبوو، فەیلەقی یەک لە ناوچەکانی شەقلاوەو رەواندوز سەرگەرمی هێرش وپەلامارببوو کە لە (٨) ی ئابدا ئاگر بەستی جەنگی عێراق – ئێران راگەیەنرا، دەرفەتێکی باشتر بۆ حزبی بەعس هاتە پێشێ هەتا ئامانجەکەی لە ئەنفالدا بپێکێ، بۆیە (عەلی حەسەن مەجید لەوەکاتەدا بەشەخصی پێداگری کرد لەسەرئەوەی کە دەبێ تێکدەران کۆتاییان پێبێت. فەیلەقی پێنجی سوپا کە بارەگای لە هەولێر بوو، دەبوو بەرپرسیارێتی پرۆسەی ئەنفالی کۆتایی بگرێتە ئەستۆ لە پارێزگای دهۆک، ئەم ئەرکەی لە دوای چەند کۆبوونەوەیەکی فەرماندەکانی سوپا

بۆ دیاری کرا کە کۆتایی بەپارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی مسعود بارزانی بهێنێ . لەو کۆبوونەوانەدا کە لەکەرکوک ئەنجامدرا بوون بڕیاردرا فەیلەقی یەک عەمەلیاتی کەرتی بالیسان-سماقوولی بگرێتە ئەستۆ، فەیلەقی پێنج هەردوو ناوچەی شێخان و زاخۆ لە بادینان لەئەستۆ بگرێت، ئەمە بەپێی ڕاگەیاندنی ئەوپەڕی نهێنی و شەخسیی ژمارە/١٠٧٦ لە ١٦ی ئابی ١٩٨٨دا بوو، کە لەلایەن دەستەی ئەرکانی سوپاوە دەرچووبوو)). بۆدیاریکردنی مێژووش دوو کات دانرا، قۆناخی ئامادەکاری یان لاوازکردن لە ئەنفالی کۆتاییدا کەوا دانرابوو ٢٥ی ئاب دەست پێبکات، پێش هەر قۆناخێکی ئەنفال بۆردومان کردنی فڕۆکە پێویست بوو بەچەکی کیمیایی دەستبەکاربێت)[1] هێرشە کیمیاییەکان لە ٢٥ی ئابدا دەستیان پێکردو چەند گوندێکی بناری چیای گارەیان بۆردومانکرد لەوانە گوندی برجینی کۆمەڵکوژی لێکەوتەوە.

## کورتەیەک دەربارەی (ئەنفالی بادینان ) قۆناغی هەشتەمی ئەنفال.

سنوری پەلامارەکانی قۆناغی هەشتەم یان (ئەنفالکردنی ناوچەی بادینان ) ( هەموو گوندەکانی پارێزگای دهۆک، قەزای زاخۆ ، باتوفە ، کانی ماسی ، زێوە ، دیرەلوک ،ئەتروش ، زاویتەو قەزاوناحێکانی ئامێدی)ی گرتەوە، لە دوای ئەنفالی گەرمیان لە رووی ژمارەی قوربانییەوە بادینان بە خوێناوی ترین و ترسناکترین قۆناغەکانی ئەنفال دەژمێردرێت لە رووی وێرانکاریو بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو بێسەروشوێنکردنی ژمارەی قوربانیەکانیەوە. هەرچەندە هێشتا ئەو خەڵکەی وا لەگوندەکانەوە دەگیران ورەوانەی قەڵای نزارێ دەکران هێشتا تاوتوێ نەکرابوون و پۆلێنکاری تەواویان بۆنەکرابوو. کە لێبوردنی گشتی رۆژی ٦ی ئەیلولی بەدواداهات بەڵام هێشتا خەڵکێکی زۆر بێسەروشوێنکراون.

بەپێی راپۆرتی ژمارە ٨/٢٨ لەبەرواری ١٩٨٨/٩/٣ ی فەیلەقی پێنج کە لیوارکن یونس محەمەد زەرب واژۆی کردووە ئەنفالی کۆتایی بۆ نەهێشتنی ( تێکدەران)و بارەگاکانیان لەسنوری بەرپرسیارێتی فەیلەقی پێنجدا کە دەکەوێتە سەرسنوری رۆژهەڵاتی باکورو سنوری تورکیادان وەک نوسیوێتی کە لە مێژە لە ژێردەسەلاتی ئێمە دا نەماون. بۆئەم مەبەستە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان بەسەرپەرشتی بەرێز سەرۆکی ئەرکانی سوپا لەکۆنگرەی خۆیدا لەشاری کەرکوک بەرواری ٧ی مانگی ١٩٨٨ راسپاردەی ئەوە بوو و سەرنجی ئەوەیدا کەوا بۆ بەجێهێنانی ئۆپەراسیونێکی فراوان لە سنوری هەردوو فەیلەقی یەکو پێنجدا ئەرکی خۆیان بەجێبهێنن بە تیبینی ئەوانەی خوارەوە:

١. ئامانج لەو عەمەلیاتە لەناوبردنی تێکدەرانو کۆنترۆلکردنەوەی ئەوناوچانەی لە ژێر دەستیاندایە.
٢. بەگیروگازبهێنرینو دەربکرێن.
٣. نابێت نەرمی لەگەڵ تێکدەران و ئەوکەسانەی هاوکاریان دەکات بنوێندرێت.

بەشێوەیەکی گشتی راپۆرتەکەی جەنەراڵ یونس محەمەد زەرب وردەکارییەکی زۆری لەسەر سەختی ناوچەکەو شیودۆڵو چیاکانو هێزەکانی سوپاو هێزەکانی پێشمەرگەو رۆڵی جاشە کوردەکانو تەنانەت زەرەو زیانەکانیش تێدایە بەپێی ئەو راپۆرتە لە ئەنفالی کۆتایدا ١٣سەرکردایەتی فرقەکانی ( ٤-٧-٢٩-٢٥-٤١- هەروەها هێزەکانی ٣٨٤١- ٤٥و سەرکردایەتی جحافلی بەرگری نیشتمانی – جاش-) بەشداری کاریگەیان کردووە، سەرجەم هێزەکەیان بریتی بووە لە ٢٩ لیواو ٧ کەتیبەی تانگو ٢سریەو ٤ کەتیبەی

---

[1] بروانە میدیل ئیست وچ – جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگێرانی کوردی محەمەد حمەصاڵح توفیق –چاپی دووەم خانەی وەرگێران- ٢٠٠٤ . ئەنفالی کۆتایی .

زرێپۆش‌و ٢٤ کەتیبەی صدام‌و ٢٤ بەتاریەی حرس جموری‌و ١٧١ فەوجی جاش بەشداربوون، راپۆرتەکە بەراشکاوی ئاماژەی بە رۆڵی چەکە کیمیاویەکان کردووەو دەڵێت رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە. تەنانەت شوێنی بەشداریەکەشیان لەراپۆرتەکەدا دیاریکراوە. کەبە پێی ئەو ئامارانەی لە بەردەستن تەنها لە ناوچەی بادینان سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٨٨ تا ٢٩ی ئاب نزیکەی ٧٧ لێدانی چەکی کیمیاوی لەگوندەکان‌و بناری چیا بەناوبانگەکان ڕویداوەو نزیکەی ٥٠٠ کەسیش بەرچەکی کیمیایی کەوتوون، بەپێی ئامارێک کە لە بەردەستدایە و رێکاریَ مزیوری ئامادەی کردووە، هەتا ساڵی ٢٠٠٨ کۆی ٢٨٧ کەسیان گیانیان لەدەستداوە لەوانەش هەندێکیان هەرلەجیداو ئەوانی تریش ڕۆژانە بەدەم برینداربوونیانەوە گیانیان لەدەستداوە. هەربەپێی ئامارێک کە لەراپۆرتەکەی جەنەراڵ زەربی فەرماندەی فەیلەقی پێنجدا هاتووە ١٤٤٧٣ کەس گیراون ئەوانیش ٢٢٥٣ کەسیان پیاو بوون‌و ٣٣٠٣ کەسیان ژن‌و ٧٨٤٧ یان منداڵ‌و لەگەڵ ٢١١ کەس کەخۆیان تسلیم کردووەو ٤٨٠ کەسی تریش لەتێکدەران گیراون.

**پەلامارەکانی ئەنفالی هەشت لەم قۆڵانەوە ئەنجامدراوون :**

-لەزاخۆوە بەرەو گلناسکی و چیای بێخێر .

لە زاخۆوە بەرەو حەوزەی خاپور .

لەکانی ماسییەوە بەرەو زیوە، شکاڤ ئامێدی ورەشاوە .

لەشکۆفەوە بەرەو یەکماڵە، بامەرنی، چیای مەتین

لەگەلی باڵیندەوە بەرەو شەمدینان ،بیبوو وئارتش. لە شێروان مەزنەوە بەرەو حەوزی بارزان .

لە باتوفوە بەرەو مانگێش(دۆسکی) و زاویتە.

لە بادینارتیَ بەرەو بلەو بارزان .

لەسەرسەنگەوە بەرەو مێرگەتی وچیای گارا . لە ئەتروشەوە بەرەو سێدەرە .

سوارەتوکە بەرەو ئەسپێندارو ئاتوش. هەرچەندە لە زۆربەی ناوچەکانەوە سوپا روبەرووی بەرگری پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبووە بەڵام هێزو تفاقی جەنگی دەستی پێشمەرگە لەو ئاستەدا نەبوو بتوانیَ پێش بە پەلاماری ئەنفال بگریَ کە سوپایەکی پرچەکو هێزی قاڵەوە بووی ٨ ساڵ جەنگی عێراق- ئێران بە مۆدێرنترین چەکی ئەو سەردەمە بەچەکی کیمیاویشەوە پەلاماریان دەداو دەیانویست ئەو قۆناغەش تێپەڕێنن و دوژمنەکەیان لەسنورەکە دەرپەڕێنن. لەراستیدا بەرگریکردن لێرەش بێهودە بوو، چونکە هێزەکانی عێراق پرچەک و هێزەکانی پێشمەرگەش بیَ چەک وتفاق بوون .

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٥/٨/ ١٩٨٨ ەوە بۆردومانی کیمیاوی لە زۆربەی ناوچەکانی بادینان دەستی پێکرد بە نیازی کۆمەڵکوژی لانی کەم تۆقاندن‌و بەچۆکداهێنانی پێشمەرگەو گوندنشینەکان، بەپێی راپۆرتەکەی فەیلەقی پێنج کیمیاوی رۆڵی کاریگەری هەبووەو بەواتا سایکۆلۆجیەکان، ئەم هێرش و پەلاماردانە بە ڕادەی ئەوەی کە ڕژێم چاوەڕوانیان بووکاریگەرو وێرانکەر بوون. بۆردومانەکان لە سەرانسەری بادینانـدا پێشمەرگەو خەڵکی مەدەنییان تۆقاند. هەر دەسبەجیَ دوای بۆردمانەکان، دەنگوباسی خراپ لە گوندەکاندا بڵاوبووەوە کەوا بەرگریکردن بێسوودە. کوڕێکی گەنجی پێشمەرگە کە خەڵکی گوندی سپیندارە بەم شێوەیە بۆ میدل ئیست وۆچ دواوە : "تەنانەت پێش ئەوەش کە سوپا بگاتە

گوندەکەمان پەیامێکمان لە مەسعوود بارزانی یەوە پێگەیشت بەرگری نەکەین. سەرکردایەتیی پارتیدیموکرات پێیڕاگەیاندین کە (هەموو شتێک تەواو بوو، شۆڕش کۆتایی هات و ئێمە بە دەستی ڕووت ناتوانین شەڕی چەکی کیمیایی بکەین). هەروەها لقی یەکی پارتیش پێیڕاگەیاندین ( ئێوە یەک ڕێگەتان لە بەردەمدایە: ئەگەر دەتانەوێ خۆبدەنە دەستەوە بیکەن بۆ ڕزگارکردنی خەڵکە مەدەنیەکە، چوونکە پارتی لەتوانایدا نیە مشووری کارەساتی ئەم هەموو خەڵکە بخوات). ئێمەش نەماندەتوانی ئەم هەموو پیرو منداڵە بگەیەنینە سنوور"

لەو پەلامارە کیمیاویانەدا شاخی گاراو گوندەکانی ناوچەی بێگۆڤەو گوندەکانی کانی ماسی وبالوکە و باوەرکا گڤری و مێرگێتی وگیزێ گێلناسکێ بیرجینی بیلجانەو تێلاکرۆ روسێ وزێوێ دەستی پێکردو لە زۆر جێگە قوربانیی گازبارانی لێکەوتەوە. ئەم پەلامارە کیمیاوییە، هێندە بەر بڵاو بوو کە تەواوی ناوچەکانی بادینانی گرتەوە . ئەمەش ترسێکی زۆری خستە دڵی گوندنشینەکانی بادینانەوە و خەڵکێکی زۆریشی لێکوشتنو هەندێکیشیان بریندار بوون و هەرچۆنێک بوو، خۆیان گەیاندە سەرسنورو ئەوەی توانی بپەڕێتەوە خۆی گەیاندە ناو قەڵەمڕەوی دەسەڵات حکومەتی تورکیا . لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێن کە کیمیابارانی ناوچەکانی بادینان ، بەسە بۆئەوەی حکومەتی بەعسی پێ بەدرۆبخرێتەوە کە گوایە کیمیایی لەسەر سنورەکانی ئێران بەکارهێناوە، بە مەبەستی بەرگریکردن لە سوپای ئێران، ئەو ناوچانەی کیمیاباران کران ، بە هیچ شێوەیەک سنوریان بەسنوری ئێرانەوە نەبوو . بەڵکو ئەوە پاساوێکی چەواشەکارانەی بێ پەردەو ئابروبەرانەی دەسەلاتدارانی ئەوسای عێراق بوو، کە بەهیچ پاساوێک نەیدەتوانی رەفتارە نامرۆڤانەکەی بشارێتەوە.

لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ بشەوە سوپای ئەنفالچی بەچاوساغی و پاڵپشتی ١٠ فەوجی جاشو دەیان هەزار جاش لە چەندین قۆڵەوە، بەگرموهوری تانکو هێرشی زەمینی پەلاماری گوندو چیاو دۆڵەکانی ناوچەکەیانداو فرۆکەی سەمتیش بەراسەرەوە دەسوڕانەوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی لە بەردەستن کە زۆربەیان نوسراوی نهێنیو تایبەتن و شیکردنەوەی پرۆسەی ئەنفالیان تێدایە فەیلەقی پێنج بە فەرماندەیی لیوارکن یونس محد ئەلزەرب بووە هەروەک لەم شیکردنەوەیەی خوارەوەدا جگەلەوەی یەکە سەربازیەکان و هەندێک جاریش فەرماندەکانیان بەدیار دەکەون بەتەواوی ئامانجەکەشیان رونکردووەتەوە ئەمەش دەقی شیکردنەوەکانە :

**زۆر نهێنی**

شیکردنەوەو وردەکاری کۆتایی ئەنجامدانی نەخشەی پرۆسەی ئەنفالی هەشت کە یەکەکانی فەیلەقی پێنج (ق ق ٤٥ – فق ٣٣) بۆ لە ناوبردنی تێکدەران لەناوچەی سێگۆشەی (عێراق – ئێران – تورکیا) جێبەجێیان کرد (ناخوێندرێتەوە) لە (٣)ی ئاب (٨٨) تا (٢٧)ی هەمان مانگ لە (٣)ی ئەیلولی (٨٨) تا (٩)ی هەمان مانگ (کما ورد بالموقواقف الصباحیه و المسائیه للفیلق المذکور) هەڵویستی بەیانیان وئێوارانی فەیلەقی ناوبراو

کات و مێژوو :

(٢٠،٣٠) ڕۆژی (٢/ئاب هەتا (٨/٢١)

(١٨،٠٠) ڕۆژی (٣/ ئەیلول هەتا (٩/٩)

شوێـــــــــن :

ناوچەی سێگۆشەی (عێراق – ئێران – تورکیا) (کەرتی خەزنە) (ق ق ٤٥ – فق ٣٣ – فل ٥)
پلان و ئامانجەکان
پاشکۆی (أ) هاوپێچ .
وردەکـــاری
کەرتەکانی (ق ق ٤٥ فق ٣٣) هەستان بە ئەنجامدانی نەخشەی پرۆسەی ئەنفالی هەشت لە ناوچەی سێگۆشەی (عێراق – ئێران – تورکیا) (کەرتی خەزنە) بۆ لەناو بردنی تێکدەران و بونیان تیایدا .

أ- ق ق / ٤٥

کەرتە بەشداربووەکان
لمش ٧٠٢ - (لیوای پیادەی ٧٠٢)
ل ق خ ٦٦ ( لیوا قوات الخاصە – لیوای هێزی تایبەتی ٦٦)
فەوجەکانی بەرگری نیشتیمانی (١-٦-١١-٢٣-٧٧-١٠٨-٢١٩)
یەکەم – هەڵوێستی ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢)

١- لە کاتژمێر (٢٠،٣٠) لە ڕۆژی (٢/اب/١٩٨٨). ڕەتڵی (أ) پێشڕەوی کرد بەرەو ئامانجە دیاری کراوەکان ، توانی لەکاتژمێر (٢٣،١٠) خاڵی (١١٥٨)(٤٤٩٤)) داگیر بکات و پاڵیان پیوەبنێ بەکۆمەڵ لە هارونەوە بپەرنەوە بۆ روباری رازکە هەتا ئێستا هێزەکە لە پێشڕەوی دایە بەرەو ڕووی گوندی خوماری (٤٧٩١) ڕەتڵی (ب) پێشڕەوی کرد ڕوەو ئامانجەکانی توانی لە روباری زارکە بپەڕێتەوە بەردەوامەوپێشڕەوی دەکات بە ئاڕاستەی شاخی ئاشمی (٥٤٩٣) .

٢- ڕەتڵەکان بەردەوام لە پێشڕەوی دانو توانیان ئامانجەکان بپێکنوسەرکەوتوون لە داگیرکردن و سوتاندنی ئەم گوندانە (خورمال – زنبارە – ئاشمی – کلانوادە – کانی ڕەش) زەرەروزیانێکی زۆریان بەبەکرێگیراوانی ئێرانی گەیاندووە بەشێوەیەک (١٣) لاشەی بەکرێگیراوەکانو خوێنێکی زۆر یان لە ناوچەکە بینیوەو بڕێک لە کەرەسەی هاوەنی (١٢٠ ملم)یان دۆزییەوە.

هێزەکانی بەعس:

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە راپۆرتێکی فەرماندەیی فەیلەقی پێنجدا بەردەست کەوتوون بە ژمارە ٢٤٢٢ لەبەرواری ٢٥ی کانونوی یەکەم ١٩٨٨ دەرچووە هێزی حکومەتی بەعس لەو پەلامارەدا بریتی بولە (٣٨ ) لیوای پیادەو دوو لیوای زرێپۆشو وسێ کە تیبەی تۆپ و(١٧١) سەدوحەفتاو یەک فەوجی جاش کە سەربە فەرماندەی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی پێنج بوو ڕاپۆرتەکانی هەواڵگری سەربازیی و مەدەنی، کە دراون بە لیوا ڕوکن یونس محەمەد زەربی فەرماندەی فەیلەقی پێنج باسی ئەوەیان کردووە کە سەرجەم ژمارەی هێزی "تێکدەران" لە بادیناندا لە ٢٦٠٠ کەس زیاتر نەبووە ( ). کەچی عەلی حەسەن مەجید لەبەرامبەر ئەو هێزە کەمەی پێشمەرگە ٢٠٠٠٠٠ دوسەد هەزار سەربازی ناردە سەر ناوچەی بادینان، بە پێی ئەو راپۆرتەی فەیلەقی پێنج بێت دەبێ تیپی پیادەی ٢٩ تاوانەکەی گوندی کورێمییان ئەنجامدابێ کە لەم هێزانە پێکهاتبوون :

١. لیوای پیادەی ٤٣٥
٢. لیوای پیادەی ٢٣٨

٣. لیوای پیادەی ٨٤ لەگەڵ ١٠ فەوجی جاشە سووکەکانو بە پاڵپشتی کەتیبەکانی تۆپو زرێپۆش. بەڵام راپۆرتەکە کە شیکارییەکی وردی ئەو قۆناغەی لەخۆگرتووە باسی کۆمەڵکوژییەکەی پیاوانی گوندی کوریمێی نەکردووە !یاخود ئەگەر باسیش کرابێت بەردیدە نەکەوتووەو هێشتا هۆکارەکانی بەشاراوەیی ماونەتەوە .

بەگشتی هێزەکانی حکومەت دوای بەرەنگاربونەوەیەکی لاوازی پێشمەرگە توانییان هەموو گوندەکانی ناوچەکە داگیر بکەنو خانووی جوتیاران لەگەڵ زەوی تەخت بکەنو خەڵکەکەشی ئەنفال بکەن. لە راپۆرتێکی فەیلەقی پێنجی سوپادا دەربارەی دوا قۆناغی ئەنفال لە بادیناندا هاتووە کە لە رۆژی ١٩٨٨/٨/٣٠هێزەکانی سوپای عێراقی و جاشەکان دوای بەرگریەکی سەختی پێشمەرگە توانیویانە تەواوی بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە و هەموو سەنگەرەکانیان داگیر بکەن. وەنەبێ پرۆسەکە هەربەوەندە کۆتایی هاتبێ بەڵکو ئەوەی لەراپۆرتەکانی سوپادا ئاماژەی بۆ نەکراوە ئەو پەلامارە بەربەریانەی سوپابووە دژ بەخەڵکی مەدەنی کە بە هەزاران جوتیارو کەسی هەژار لە گوندنشینەکانی بادینان، لە ئەنفالی قۆناغی هەشتدا لەماڵەکانی خۆیان و لەزێدی باب وباپیرانیان دەرپەڕێندران و کەوتنە بەردەستی هێزەکانی سوپای حکومەتی عێراقی و بەشێوەیەکی دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو دوای گرتنیان ژن و منداڵ و پیروگەنج بەرەو کەمپەکانی نزارکێ لە پارێزگای دهۆکو کەمپی سەلامیەی پارێزگای موصل بران‌و کەمینەیەکیان نەبێت دوای ئازارومەینەتی ئازادکران ئەوانی تر بێسەروشوێن کران.

**هێزەکانی بەعس:**

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەراپۆرتێکی فەرماندەیی فەیلەقی پێنجدا بەردەست کەوتوون بە ژمارە ٢٤٢٢ لەڕێکەوتی ٢٥ی کانونی یەکەم ١٩٨٨ دەرچووە هێزی حکومەتی بەعس لەو پەلامارەدا بریتی بووە لە (٣٨ ) لیوای پیادەودوو لیوای زرێپۆش و وسێ کەتیبەی تۆپ و ١٧١ سەدوحەفتاو یەک فەوجی جاش کە سەربە فەرماندەی جەحافلی دیفاعی وەتەنی پێنج بوو.

راپۆرتەکانی هەواڵگریی سەربازییو مەدەنی، کە دراون بە لیوا ڕوکن یونس محەمەد زەرب پێشەوای فەیلەقی پێنج باسی ئەوەیان کردووە کە سەرجەم ژمارەی هێزی "تێکدەران" لە بادیناندا لە ٢٦٠٠ کەس زیاتر نەبووە ( ). کەچی عەلی حەسەن مەجید لەبەرامبەر ئەو هێزە کەمەی پێشمەرگە ٢٠٠٠٠٠ دوسەدهەزار سەربازی ناردە سەر ناوچەی بادینان() هەربەپێی ئەو راپۆرتەی فەیلەقی پێنج ئەوە روندەبێتەوە کە تیپی پیادەی ٢٩ تاوانەکەی گوندی کوریمییان ئەنجامداوە کە لەم هێزانە پێکهاتبوون :

٤. لیوای پیادەی ٤٣٥

٥. لیوای پیادەی ٢٣٨

٦. لیوای پیادەی ٨٤ لەگەڵ ١٠ فەوجی جاشە سووکەکانو بە پاڵپشتی کەتیبەکانی تۆپو زرێپۆش.

بەگشتی هێزەکانی حکومەت دوای بەرەنگاربونەوەیەکی لاوازی پێشمەرگە توانییان هەموو گوندەکانی ناوچەکە داگیربکەنو لەگەڵ زەوی تەختیان بکەنو خەڵکەکەشی ئەنفال بکەن. لە راپۆرتێکی فەیلەقی پێنچدا دەربارەی دوا قۆناغی ئەنفال لە بادیناندا هاتووە کە لە رۆژی ١٩٨٨/٨/٣٠هێزەکانی سوپای عێراقی و جاشەکان دوای بەرگریەکی سەختی پێشمەرگە توانیویانە تەواوی بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە و هەموو سەنگەرەکانیان داگیر بکەنو بە هەزاران کەس لە گوندنشینەکانی بادینان، لە ئەنفالی قۆناغی هەشتدا کەوتنە بەردەستی هێزەکانی سوپای حکومەتی عێراقی و بەشێوەیەکی دلڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ ًداکراوەو

دوای گرتنیان ژن و منداڵ و پیروگەنج بەرەوکەمپەکانی نزارکێ لە دهۆکو کەمپی سەلامیەی سەر بەپارێزگای موصل بران‌و کەمینەیەکیان نەبێت دوای ئازارومەینەتی ئازادکران ئەوانی تر بێسەروشوێن کران.

قۆناغی هەشتەمی بادینان لە دوای قۆناغی سێی گەرمیان بە خوێناوی ترین قۆناغ دەژمێردرێت لە زەرەروزیانی گیانی‌و مالیدا بەلەبەرچاوگرتنی هەندێک جیاوازیش لە نێوان ئەنفالکردنی ئەو دوو دەڤەرەدا، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری قوربانیە بێسەروشوێنکراوەکانی ئەنفال دەکەونە سنوری ئەم دوو ناوچەیەوە ئەگەرچی هێشتا بۆهیچکامیان ئامارێکی ورد نیە بەڵام واپێشبینی دەکرێت لە بادینان ١٣ هەزار کەس‌و لەگەرمیان ٢٠ هەزار کەس کوژرابن، جیاوازیی ئەنفالی بادینان‌و گەرمیان لە مامەڵەی سوپادا مەسەلەیەکی دیارو بەرچاوە لەوانە هیچ کەسێک لە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان لەناوچەکەی خۆیاندا یان لەکەمپەکانی کۆکردنەوەدا بەبەرچاوی کەسوکاریانەوە نەکوژراون بەڵام لە بادینان بێجگە لەکۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ کە ٣٣ پیاو درانە بەردەستریژی گولله، لەنزارکێ‌و کەمپی سەلامییە زۆر لەپیاوەکانیان بەپێشچاوی ژن‌ومنداڵەکانیانەوە بە بلۆک کوشتبوو ئەمە ئەو شایەتحالانە بۆئەنفالستانی ژمارە یەکیان گیرابووەوە کە لە قەلای نزارکێ دەستبەسەربوون‌و کوشتنی پیاوەکانیان بە چاوی خۆیان دیبوو. هەروەها منداڵانیان خستبووە بەرمیلی ئاگرەوە. ئەمانەو تالانی گوندنشینەکان کە سەدان ئافرەت لەئەنفالی بادیناندا گوارەو ئەلقەی پەنجەکانیان لەلایەن جاش و سەربازەوە لێسێنراو بەپێشچاویانەوە مالیان تالان دەکرا.

خەڵکی بادینان لەم پەلامارەدا تەواو پەرتەوازە بوون، هەندێکیان هەر زوو لە دەوروبەری گوندەکانیان گیران، بەشێکیشیان لە بناری چیاکان‌و لە ناو دۆڵو ئەشکەوتەکاندا گیران‌و ئەوانەشی دورکەوتبوونەوەو دەیانویست دەربازبن لە رێگەی تورکیاو ئێران پێشیان پێگیراو دەستگیرکران، دواتر هەموویان دوای پۆلێنکردن رەوانەی کەمپەکانی نزارکێ‌و سەلامیە.کران‌و زۆربەی هەرە زۆریشیان بێسەروشوێنکران‌و نەگەرانەوە .

بەپێی ئەو ئامارانەی کە سەنتەری ئەنفال لە دهۆک داوێتیە دەستەوە بە نزیکەی (٨٠٠٠٠) کەس دەخەملێندرێت . بەشێکی زۆرکەمیشیان توانیبویان لە سەر چیا بەرزەکان‌و لە ناو ودۆڵ و ئەشکەوتە قایم‌و نەدیوەکاندا خۆیان بشارنەوە تا لێبوردنە گشتیەکەی ٧ی ئەیلول هاتنە خوارەوەو خۆیان دایەدەستەوە، ئەگەرچی لەناو ئەوانەشدا تاکو تەرا خەڵک دەگیران‌و دواتر بێسەروشوێن دەکران لەناویاندا پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بەناوی ئیسماعیل ابراهیم کە پیاوێکی ئێزیدی بوو کاتێک لەسەر سنوری تتورکیا ژن‌و منداڵەکانی گیران بۆخۆی گەرایەوە بۆ چیای گاراو ماوەی ١٢ رۆژێک خۆی شاردەوە بەڵام لە ١٣ی ئەیلولدا گیراو ئیتر نەبینرایەوە( ) سەرباری ئەو هەموو مینەتی‌و پاکتاوکردنە بێرەحمانەیەش کە چی ئەنفالکراوەکانی ناوچەی بادینان نەیانتوانیوە وەکو پێویست سود لە ئازادکردنی کوردستان لە چنکی بەعس وەرگرن، نمونەش مانەوەو ژیانی هەندێک لە ئەنفالکراوەکانی گوندەکانی بادینانە کە هەتا ئێستا لە هەمان قەلای نزارکیدا دەژین. کە لەسەروەختی ئەنفالدا لێی دەستبەسەربوون.

ئەو هێزانەی سوپا بەپێشەوایەتی لیواروکن یونس محەمەد ئەدەرب کەوتبوونە گیانی خەڵک تەوجیهاتی تایبەتیان لە نوسینگەی رێکخستنی باکوری حیزبی بەعس و خودی عەلی حەسەن مەجید بۆ دەهات.

ئەوانەی لە ئەنفالی هەشتەمدا دەگیران ، خێرا رەوانەی بەرێوەبەرایەتی یان معاونیەتەکانی ئەمنی شارو شارۆچکەکانی دەوروبەر دەکران لەوانە سەرسەنگ ، زاخۆ، هێزاوە، بێرسڤی . ئەوانەی کوریمیش بەهەمان شێوە رەوانەی مانگێش " دۆسکی" کرانو لەوێشەوە پۆلێن دەکرانو رەوانەی قەلآی نزارکیو کەمپی سەلامیە دەکران، کە دو سەربازگەی گەورەی شارەکانی موصلو دهۆک بوون، ئەمە پاشئەوەی ئەمن لێکۆلینەوەی لەگەل هەموویان دەکردو ناونوسدەکران.

هەریەک لە قەلاکانی نزارکێ لەناوچەی بادینانو سەلامیە لە موصل، تارادەیەک هاوشێوەی تۆپزاوابوون لە رێوشوێنگرتندا هەروەها وەک سەربازگەی تۆبزاواش وابوون کە لە نزیک شاری کەرکوک بۆ کاروباری ئەنفالکراوەکان ئامادەکرابوون، قەلآی نزارکێ وەکو قۆرەتووی مەیدان وابوو کە بۆ کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان سازو ئامادە کرابوو، بە هەمان شێوە نزارکێش ببووە سەنتەری کۆکردنەوەی گیراوەکانی ئەنفالی هەشتی ناوچەی بادینان . بەلآم لە نزارکی جیاوازیەکی بەرچاوهەبوو ئەویش ئەوەبوو کە دوای ئەوەی هەموو گیراوەکان جارێکی دی لێکۆلنەوەیان لەگەل دەکراو ژن ومندالیان لە پیاوان جیادەکردەوە بە بەرچاوی خێزانە کانیانەوە پیاوەکانیان ئازارو ئەشکنجەداوەو تەنانەت هەندێکیان بە بلۆک سەریان تەقاندبوونو کوشتبوویانن ئەمە ئەو جیاوازیە بوو کە لەگەل ئەنفالی ناوچەکانی تردا بەدیدەکرا. هەروەک ئەو کۆمەلکوژییەی لە گوندی کوریمیش رویدا. ئەمە جگەلەوەی هەندێک مندالیشیان بە پێشچاوی دایکەکانیانەوە لە بەرمیلی پرلە ئاگردا سوتاندبوو. ئەمەش لەهیچ شوێنێکی تر روویان نەدابوو تەنانەت لە تۆپزاواش .

لە قەلآی نزارکێدا تاوانی گەورە ئەنجامدرا بەداخەوە هێشتا وەکو ئەوەی پێویستە دەربارەی ئەنفالی بادینانو ئەو قەلآیە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، لەو قەلآیەدا بە عسیەکان دەست ئاوالآبوون بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێک هیچ رەفتارێکی ناپەسەندو ئابروبەرسانسۆری لە سەر نەبوو. سەربازو ئەمنەکان بە کەیفی خۆیان مامەلەیان لەگەل گیراوەکانداەکردو تاوانیان ئەنجامدەدا، تەنانەت لە شێوزای کوشتنیش ئازاد بوون، شێوازی ئەشکەنجەدانو دەستدرێژی سێکسی نەک هەر تابۆ نەبوو بەلکو بۆیان حەلآلکرابوو کە ئەمەش نەریتێکی کۆنی عەرەب بووەو لە ئەنفالدا برەوی پێدرابووەوە. هەرلەو سۆنگەیەشەوە بوو کە سەربازەکانی قەلآی نزارکێ پەلاماری ژنەکانیان دەداو زۆرجار هەر لەناو قاعەکاندا بێحورمەتیان بە ژنان دەکرد، یان دەیان بردنە خوارەوەی قەلآکەو لەوێ لاقەیان دەکردنو رەفتاری ئابوربەرانەیان ئەنجامدەدا کەچی ئەم رەفتارە فێزەوونانە نەدەبوونە تاوان..؟! لەکاتێکدا ئەفسەرو پلە دارەکان عیبادەتیان دەکردو زۆریشیان پشتاوپشت خۆیان دەبردەوە سەر خولەفاکانی راشدین .

برسی کردنی زیندانییەکانیان تەنها جۆرە ئەشکنجەیەک نەبوو بەلکو ئامادەکردنیشیان بوو بۆ مردن ئامانج لە برسی کردنی ئەنفالکراوەکان ئەوەبوو کاتێک بەرەو کۆمەلکوژی دەبرێن توانای بەرەنگاربوونەوەیان نەمێنێ هەروەها ئەو لۆژیکەشیان هێنابووە گۆرێ (مردوو پێویستی بەخۆراک نیەو خەرجیەک کەمتر)

ئەو ژن ومندالآنەی قەلآی نزارکێیان بینیوە ناهەموارترین رۆژەکانی ژیانیان تێپەراندووەو دلنیام هەروا بەئاسانی ئەو دلشکانەیان چاک نابێتەوەو بە دروشمو بەلێنی جێبەجێنەکراو ئەوەندەی تر دلیان دەشکێ چونکە لە نزارکێو نوگرەسەلمان ئەوەندە پەراوێز خرابوونو وبرسی کرابون چندین مندال لەبرساو چەندین ژنیش لە فیراقی مردنی مندالەکانیانو لە فیراقی ناموسیان مردنو سەرباز تەرمەکانیان بردنو هەتا ئێستاش نازانرێ لەکوێ ژێر خۆلدراون. دلنیام ئەوانەی مانەوە مەرگی خۆیان بە ئاوات خواستووە

نەک بەوشێوەیە بژین، قەڵای نزارکێ بەهەمان شێوەی قەڵای نوگرەسەلمانەوە ببووە دۆزەخی ئەنفالکراوەکان، یادەوەری هەریەک لەو دوو قەڵایە بۆ ئەنفالکراوەکان جگەلە دۆزەخێک هیچی تر ناگەیەنێ چیرۆکە ترسناکو قێزەوونەکانی نزارکێ هەرگیز لە یادی ئەنفالکراوەکان ناچنەوە ئەو حەشاماتەی لێی کۆکرابووەوە بەشێوەیەک بەسەریەکدا ترنجێندرابوون هەناسەدان بەزحمەت بووە، تەنانەت بەندیەکان سەرئاویشیان لێ قەدەغە بوو دەبایە هەر بەبەرچاوی هاوبەندیەکانەوەو هەر لە ناو قاعەکاندابێ..!! ئەمەش ئازارێکی سایکۆلۆجی زۆری بۆ بەندیەکان هێنابووە پێشێ .

ئەگەرچی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی کورێمێ ( هاشمو ئەبابکر، عەبدول قەهارو عبدالکریم، صدقی عەبدلقادر) بە قەڵای نزارکێدا تێپەریونو لەوێوە رەوانەی ئۆردوگای جێژنیکان کرانو دواتریش دەربازبوون  بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە نزارکێ وەکو خۆی نەبینین چونکە لەپێش ئەوەی ئەوانی بۆبێن نزارکێ گۆرستانێک بوو بۆخۆیوهەندێک لە پیاوەکانیان لێرە کوشتو بۆژنەکانیش دۆزەخێک بووە هەرگیز لە بیریانناچێتەوە.

لە ٢٨ی ئابدا هێزی زەمینی لەگەڵ یەکەم گزنگی بەرەبەیاندا دەستیان بەهێرش کرد، لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەکەو لەسەرئەو راسپاردانەی پێشتری عەلی حەسەن مەجید فەرماندەی فەیلەقی پێنج کەوتە خۆو سنووری نێوان عێراق و تورکیای تەنی فیرقەکانی تریش لەوانە هەندێ تەشکیلاتی فەیلەقەکانی سێ، شەش، حەوت  لە بەرەکانی باشووری جەنگەوە، لە دەوروبەری فاو و بەسرەوە گوێزرانەوە بۆ کوردستان و ئەرکی نوێیان پێسپێردرا، سەرباز کا قاڵبووی ٨ ساڵ جەنگی ئێران بوون، بە هیوای ئەوەی ئەمە دواهەمین جەنگەو ئیتر دەچنەوە ماڵوحاڵی خۆیان بەدڵگەرمیو گوڕوتینێکی باشترەوە پەلاماریان دەداو ڕووبەڕوودەبوونەوە. ئەمە لە شیکردنەوەکەی فەرماندەی فەیلەقی پێنجدا ئاماژەی پکراوە کە سەربازەکانیان روخۆش و ورەبەرزبوون .

هێزەکانی فەیلەقی یەک هێشتا لەناوچەی رەواندوزو دۆڵی بالیسان و دۆڵی ئاکۆیان هەر لە شەردا بوون، هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەسەر نەخشەی پاشەکشەدا بوون، لەراستیدا لە کۆتایی مانگی تەموزدا پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سێ گەیشتنە ئەو بروایەی شەرکردن لەگەڵ چەکی کیمیایدا بێ هودەیە، لەوەها کاتێکدا بوو کەوا فەیلەقی پێنج خۆیان سازدا بۆ دەستپێکردنی قۆناغی هەشتەمی ئەنفال کە هەموو ناوچەی بادینانی گرتەوە .

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ ناوچەی بادینان بە شێوەیەکی بەربڵاوو درندانە کەوتە بەرپەلاماری گازی کیمیاویو زۆربەی ناحێ و گوندەکانو بناری چیاکان بە چڕی گازباران کران، هەڵبەتە ئامانجی بەعس ئەوە بوو گوندنشینەکان بەگازی ژەهراوی کۆتایی پێبهێنێ و بەلایەنی کەمەوە زۆربەیان بتۆقێنێو زووتر بەچۆکیاندا بێنێو پەلاماری ئەو قۆناغەش زۆر درێژە نەکێشێ، رەنگە بەکارهێنانی گاز زیاتر لەبەر ئەوە بووبێ وەک لە ڕاپۆرتی فەیلەقی پێنجدا شیکردنەوەی بۆکراوە کە ناوچەکە شاخاوییو عاسێ یە بۆهێزێکی نیزامی ([2])

[2]بروانە هەلسەنگاندن یان شیکردنەوەی پرۆسەی ئەنفالی کۆتایی لیوا رکن یونس محمد ئەلزەرب، هەمان بابەت خوێنەردەتوانێ بگەرێتەوە بۆمێدیل ئێست وۆچ (جینۆساید لەعراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد) چاپی دووەم – ٢٠٠٤ – خانەی وەرگێران – محەمەد حەمە صالح توفیق ل ٣٥٩ . لە پەراوێزی کتێبەکەیاندا نوسیویانە (هەموو برگە و دەستەواژەکانمان لەڕاپۆرتە (٦٠) لاپەڕەییەکەی فەرماندەی فەیلەقی پێنجەوە وەرگرتووە کە بۆ سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکانی سوپای ناردووە بەناونیشانی ((شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی، لەماوەی ٢٨ی ئاب تا ٣ی ئەیلوولی ١٩٨٨)) لەبەرواری ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ و جفرەی ح٢٤٢٢/٢ی بۆ دانراوە. )

سەر لە بەیانی بەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ وەکو تەواوی ناوچەی بادینان هێرشی زەمینی کرایە سەر، لەبادینان دوو کۆمەڵکوژی رویاندا یەکێکیان لە گوندی مێرگەتی و ئەوی تریان لەگوندی کوریمێ سەربەناحیێ مانگێشک قەزای ئامێدی بوو، کۆمەڵکوژی کوریمێ ترسناکتر بوو ژمارەی پیاوەکان ٣٣ کەس بوون، بەڵام ئەوەی مێرگەتی ژمارەیان ٨ کەس بوو، خەڵکی کوریمی کە پێشتر لە دۆڵ و چیاکان خۆیان شاردبووەوەو لەهەوڵی دەربازبوون ماندوو ببون، ئەو ڕۆژە لەگەڵ هەتاو کەوتندا ئاڵای سپییان هەڵکردو خۆیان بە دەستەوەدا، بەڵام خۆبەدەستەوەدان هیچی لە هەستی بەعسیەکان نە گۆڕیو ئەفسەرانی سوپا مامەڵەیەکی توندیان لەگەڵدا کردن، ئەفسەرێکی موقەدەمی پێشووی سوپای عێراق بە میدڵ ئیست وۆچی ڕاگەیاندووە : "فەرمانمان بۆ هات هەرچی پێشمەرگەیە بیانکوژین، تەنانەت ئەوانەشیان کە خۆبەدەستەوە دەدەن. هەروەها ئەو جووتیارە مەدەنیانەش کە لە ناوچەی قەدەغەکراودا بوون هەر بە پێشمەرگە دانرابوون. تەواوی پیاوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان کە تەمەنیان ١٥ـ ٦٠ ساڵ بوو، دەبوو بە تێکدەر دابنرێن و بکوژرێن. ([3]) هەمان ڕۆژ دوای پۆلێنکردنیانو جیاکردنەوەی ژنو منداڵ لەلایەکو پیاوەکانیش لەلایەکی تر، سەرئەنجام ژنو منداڵەکانیان ڕەوانەی مانگێشو قەڵای نزارکێ کردوو ٣٣ پیاویش ڕووەو خواروی گوندەکە بەریز بەرێخرانو هەروا ٢٠٠ مەترێک دور خرانەوە بۆ شوێنێکی نەدیوی خوارگوندی کوریمێ کە شوێن رەزی تری و داری چوالەیە، بە هەمووی کاتژمێرێکی نەبرد لەوێ تاوانی کۆمەڵکوژی پیاوانی گوندی کوریمێ بەفەرمانی دوو ئەفسەر دەرچوو، هەر لە شوێنی خۆیان گوللەبارانکران، لەو کۆمەڵکوژییەدا لەکۆی ٣٣ کەس بە موعجزە ( ٦) کەس دەربازبوون. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕاپۆرتی ژمارە ٢٤٢٢ ی فەیلەقی پێنجدا هاتوونو لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٨) دا نوسراوە دەردەکەوێت کە تاوانی گوندی کوریمێ لەلایەن تیپی ٢٩ی پیادەو یەکێک لە لیواکانی ٤٣٥ ، ٢٣٨، ٨٤ ئەنجامدراوە.[4] لەوبارەیەوە ڕێکخراوی مێدڵ ئێست وۆچ بەشی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕاپۆرتەگرنگەکەیاندا دەربارەی جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد بەرپرسیاریێتی کۆمەڵکوژی کوریمی دەخاتە ئەستۆی فیرقەی ٢٩ لەبەر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەکەی (تحليل معركة خاتمة الانفال) فەرماندەی فەیلەقی پێنجدا لیوا روکن (يونس محمد ئەلزەرب) بە ژمارە (ج٢٤٢٢/٢)ی رۆژی (٢٥.١٢.١٩٨٨) نوسیویێتی و ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای

---

[3] بروانه میدل ئیست وۆچ – جینۆساید لەعێراق وپەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگێرانی کوردی –چاپی دووەم خانەی وەرگێران- محەمەد حمەساڵح توفیق- ئەنفالی کۆتایی ٢٠٠٤ .

[4] لەسەروەختی ئەنفالدا عەمید روکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین حەیدەری، فەرماندەی تیپی ٢٩ بوو ئەوسا بارەگاکەی لەمانگیشکی نزیک گوندی کوریمێ جێگیر بوو، ناوبراو بەهۆی بەشداری کردنی لەتاوانی ئەنفالدا مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووەولەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق)یشەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆدەرچووەو، لە لستی تۆمەتبارانددا ژمارە (٧٤)ە. بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ گیراوەوهەتا ئێستا بێسەروشوێنە چونکە لەکاتی جەنگی کەنداودا کە فەرماندەی تیپی ٢٠ ی لەکەرتی فەیلەقی چواردا پێسپێردرابوو، تیپەکەی لەدەوروبەری حفر الباطن جێگیر بووەو لەکاتی هێرشەکانی هاوپەیمانان و لەکاتی راپەڕینی شەعبانیەی باشووری عێراقداو لەونائارامیەدا کە لە نزیک کوێتەوە بەپیادە گەیشتبوونەوە ناوجەی رومیلەو لەوێشەوە بۆ عەمارە لە کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩١)دا کەوتە ناو بۆسەیەکی هێزێکی ئێرانییەوە، کە لەناو خاکی ئێراق دایان نابوو، لەو بۆسەیەدا گرتیان و لەگەڵ خۆیاندا بردیان تەنانەت دوای رووخانی رژێمیش چارەنووسی هەربە نادیاری مایەوە، لەبارەی ئەوفەرماندە سەربازییەوە عەمید رکن نجيب الصالحي دەنوسێت پاسەوانێکی هەلی ئەوەی بۆ هەڵکەوتبوو کەهەڵبێت وبگاتەوە بارەگای تیپ ئەو هەموو شتێکی باسکردووە، هەروەها دەنوسێت سەرۆکی ئەرکان عەمید رکن عبدالغنی عجیل ئەلئەسەدی ) بە بێتەل لەکاتی گیرانیدا قسەی لەگەڵدا کردووە وتوویەتی ( هیلاک و ماندوو بووەو داوای لێکردووم کە هیچ فەرمانێک لەبارەی منەوە دەرمەکەو پەیوەندی پچڕاوە)[4] (رئيس الأركان العميد الركن "عبد الغني عجيل الاسدي" فيقول : ( اتصل بي القائد في لحظة وقوعه في الأسر بواسطة الجهاز اللاسلكي طالبا مني عدم تنفيذ أي أمر يصدر منه لي بعد هذه اللحظة وكان من خلال صوته الخافت يبدو متعبا وسمعته يتألم وانقطع الاتصال) بروانه (العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال، ل١٦٢).

کردووە، ناوچەکانی دیاری کردووەو بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنە بێت تیپی (٢٩) لە زاخۆ بەرەو باتوفە ومانگێش بووە، بارەگای تیپەکەش لە مانگێشک بووە، گوندی (کوریمێ)ش هەروا چوار کیلۆمەترێک دەکەوتە باکووری ناحیێکەوە. هەربەپێی بۆچونی کارمەندانی تیمەکەی میدل ئێست وۆچ کە لە ڕاپۆرتەکەیاندا نوسیویانە (بە پێی چەندین سەرچاوەی سەربازیی پێشووی عێراق کە میدڵ ئیست ووچ چاوپێکەوتنی لە گەڵدا کردبوون، لە نێوان ١٤ تا ١٦ فیرقەی سوپای نیزامیی کە هەریەکەیان دوانزە هەزار کەس دەبوون لە پەلاماری ئەنفالی کۆتاییدا بەشدار بوون، ئەمە بێجگە لە بەشداربوونی بەتالیۆنێکی چەکی کیمیایی و یەکەکانی هێزی ئاسمانیی عێراق و فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی یان جاش.) (5) بەپێی ئەو بەڵگانەی دەستم کەوتوون تیپی ٢٩ لەکەرتی فەیلەقی پێنجدا بەهۆی بەشداری کاریگەریانەوە مەدالیای ئازایەتی و دیاری وبەخششی سەرۆک کۆمار (سەدام حوسێن)یان وەرگرتووە، هەر بۆنمونە نوسراوی ژمارە /أ/١٨/٥٨١٢ ڕێکەوتی ١٠/ ت٢ / ١٩٨٨ کە ئاراستەی دیوانی سەرۆکایەتی کراوە بەم شێوەیە هاتووە : ( بابەت / پاداشت/ ڕەزامەندی سەرۆکایەتی پێشەوای گشتی هێزەچەکدارەکان وەرگیراوە لەسەر بەخشینی (نوط الشجاعە) مەدالیای ئازایەتی بەو ئەفسەرانەی ناوەکانیان ریزکراوە لەگەڵ پلەکانیان بۆهەریەکەیان کەبەشداری تاوانی ئەنفالی هەشتەمیان کردووە .وێنەیەک بۆ / سەرۆکایەتی کۆمار ( ئەلسکرتێر) تکایە بفرەموون بۆ بەدواداچوون ... لەگەڵ ڕێزدا . لە برگەی و - لەلاپەرە (٢) ی بەڵگەنامەکەدا کەنوسراوێکە لەدیوانی سەرۆکایەتیەوە ئاراستەی سەرۆک کۆمار کراوە باس لەوەدەکات ئەو ئەفسەرانەی کە ناویان هاتووە بریتین لە حەوت ئەفسەری پلەبەرزی فەیلەقی یەک و هەشت ئەفسەری فەیلەقی پێنجو سێ ئەفسەری ڕازگر ئەوانەی پێشەوایەتی تیپەکانیان کردووە لە کەرتەکانی فەیلەقی یەکو پێنجدا لە پەلاماری هەشتەم وئەنفالی کۆتایدا بەشدارییان کردووە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەنیوان ٢٨ی ئاب هەتا ٢٣ی ئەیلولی ١٩٨٨ خەڵاتکراون بەبری ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینارو بەخشینی کاتژمێرێکی دەستی کە وێنەی ( صدام حسێن) لەسەرە عەمید روکن عەبدول جەلیل عەبدولحەمید موحسین – پێشەوای (فق مش /٢٩) یە . خالی ز- ڕێزلێنانی هەڤاڵانی ڕازگری حزب لەناو سوپادا کە ناویان هاتووە بری (٣٠٠٠) سێ هەزار دیناریان پێ بەخشراوە لەگەڵ کاتژمێریکی دەستی کە وێنەی سەدام حوسێنی لەسەرە .یەکەم ناو هەڤاڵ عەمید محمد خەیری محەمەد ڕازگری پێشەوایەتی ( شعبەی شەرحبیلی سەربازی تیپی ٢٩ یە .

لە پەلامارەکانی ئەنفالی بادیناندا، بەعس ڕیوشوێنێکی مەترسیداری گرتووەتە بەر، بەلەبەر چاوگرتنی ئەو تێبینیەشەوە کە هەندێک لەسەرۆک خێڵەکان هاوسۆزیان بۆصدام پیشاندا بوو، بەپێچەوانەی ناوچەی سۆرانەوە هەندێک گوند لەبادینان مانەوە، پلانە سەربازی و ئەمنیەکان لە قۆناغی هەشتەمی ئەنفالدا تاڕادەیەکی زۆر جیاواز بوون لەگەڵ ئەو پەلامارانەی لە قۆناغەکانی تردا ئەنجامیدا بوون، بەلای کەمەوە پۆلێنکردن شێوازێکی تری هەبوو، لەم قۆنەغەدا کە دواغۆناغی پەلامارەکانی ئەنفال بوو، بەعس لەوپەری غروروو پاڵەوانبازیدا، هێرشی دەبردو پەلاماری گوندنشینە هەژارەکانی دەدا لە تەواوی ناوچە قەدەغەکراوەکاندا پێشرەوی کردبوو هەموو گوندەکانی لە گەڵ زەوی تەختکرد بوو، گوندنشینەکانی پۆلێنکرد بوو زۆریشیانی لە گۆڕی بەکۆمەڵدا کوشتبووبە شۆفڵ خۆڵی کردبوو بەسەریاندا.

لەم پەلامارەشدا پێشرەوی دەکردو بێبەزەییانە وێرانکاری دەکرد، لە بەرەبەیاندا گوندەکانی بە بۆمبی کیمیاوی دادەگرتەوەو دواتریش هێرشی سەربازی دەکردە سەریان و دڵڕەقانە دەکەوتنە وێزەی خەڵکی مەدەنیو ئەنفالیان دەکردن، ئەم شێوە پەلامارە لە قۆناغی دووەمی ئەنفالدا لە گوندی سێوسێنان و تەکیەو بەلەکجارو لە قۆناغی

---

[5] بروانە جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد چاپی سێهەم – محەمەد حمەصالح توفیق

چوارەمیشدا لە هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەر رویدا بوو کە لە پێشەوە بەچەکی کیمیاوی پەلاماریدانو دواتر هێرشی زەمینی دەستی پێکرد. جیاوازی لێرەدا ئەوە بوو کە کیمیابارانی بادینان لە ٢٥ی ئابدا تەنها گوندێک یان دوانی نەگرتەوە بەڵکو لەو ڕۆژەو ڕۆژانی دواتردا ٧٧ گوندی بادینان بەچەکی کیمیاوی پەلاماردران و ناوچەکەیان گازبارانکرد .

ئەوەی لە گوندی کورێمێ ڕویدا پێشتر لە هیچ قۆناغێکی تری ئەنفالدا لەلایەن سوپاوە پیادە نەکرا بوو، ئەویش کۆمەڵکوژی بوو لە شوێنی ژیانو نیشتەجێبوونی خۆیاندا، لە ناوچەکانی تری پەلامارەکانی ئەنفالدا لە پێشەوە خەڵک دەستنیشان دەکراو دواتر پەلامار دەدرانو ئینجا کۆدەکرانەوەو بە سەیارەی سەربازی ڕەوانەی کەمپەکان دەکران، بەڵام لە گوندی کورێمێ پیاوەکان لە ناوگوندەکەدا کۆکراونەتەوەو هەر لەجێدا بەفەرمانی ئەفسەرەکان، نزیکەی ١٠ سەرباز راسپێردراون، پیاوەکان گوللەباران بکەن، ئەم تاوانە لە چیرۆکی هەریەک لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ بەڕونی دەردەکەوێ تەنانەت ناوی ئەو ئەفسەرانەش دەزانن کە فەرمانی تەقەکردنیان داوەو ڕێوشوێنی کۆمەڵکوژییەکەیان گرتووەتە بەر، دەربازبووانی ئەم کۆمەڵکوژییە، هەتا ساڵی ١٩٩١ بەبێدەنگی لە کۆمەڵگا زۆرە ملێکاندا دەژیان. دواتر لە مانگی مایسو حوزێرانی ساڵی ١٩٩٢دا، پزیشکانی مافی مرۆڤ، تیمێکی توێژەری پزیشکیی دادوەرییان نارد بۆ کوردستانی باشور- عێراق. بەمەبەستی هەڵدانەوەی گۆری بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی هەرئەو تیمە قوربانیەکانی گوندی " کورێمێ" یشی هەڵدایەوە کە پێکهاتبوون لە ٢٧ پیاوی کوژراو ئەو تیمەش پێکهاتبوون لەو لێکۆڵەرەوانەی کە ڕاهێنانیان لەسەر ئەنترۆ پۆلۆجیای پزیشکی دادوەری، ئەرکیۆلۆجیاو یاسا کرد بوو، ئەمانە لە زۆر وڵاتی دیکە گۆڕیان هەڵدابوەوە وەک ئەرجەنتین، چیلی، ئێلسلڤادۆرو گواتیمالا. لە کوردستانی باشوریش، لە سێ شوێندا گۆڕیان هەڵدایەوە: گوندی کورێمێو گوندی برجینی کیمیابارانکراو پێویستە ئەوەش بڵێین کەوا هەمان تیم لە گۆڕستانێکی کۆمەڵگای زۆرەملێ بەحرکە زۆر لە ئەنفالکراوەکانی لێبوو لە نزیک شاری هەولێر، گۆڕێکیان هەڵدابووە کە تەرمی منداڵێکی تێدابوو لەبرسانو لەبەر بەد خۆراکی مردبوو، لە سەردانێکمدا بۆ گوندی کورێمێ توانیم خانەوادەی ئەومنداڵە بدۆزمەوەودیدار لەگەڵ کورێکیاندا بکەم، فاخر بەسەرهاتی خۆیانو مردنی خوشکەکەی بۆ گێرامەوە و منیش بە کامێرای ڤیدیۆ لەگوندی کورێمێ تۆمارم کرد، ووتی خوشکەکەم تەمەنی مانگێک بوو کە ئەنفال دەستی پێکرد لەبەر ئەوە بابی من ناوی ئەنفالی لەو خوشکەم نا، بەڵام لە سەربازگەی سەلامیە توشی بەدخۆراکی بوو لە کۆمەڵگەی بەحرکە مردو هەرلەوێ ناشتمان.[6] هەڵدانەوەی گۆری ئەوانەی هەردوو گوندی کورێمێو بریجینیش بە چاوساغی دەربازبووەکانو بەرێوەبەرایەتی تەندروستی پارێزگای هەولێرو پزیشکی دادوەری پارێزگای دهۆک ئەنجامدرا بوو.

**تەمومژی هۆکارەکانی کۆمەڵکوژی کورێمێ ..؟**

لە سەروەختی ئەنفالدا کورێمێ گوندێکی گەورەی ١٥٠ ماڵیی بوو، تەنها دوو میل و نیولەناحێی مانگێش" دوسکی"وە دوورە، کە سەربەقەزای ئامێدی پارێزگای دهۆکە، لەرۆژی ٢٠١٢/٨/٢٨ لەگەڵ برای بەڕیزم کاک سمکۆسابیرو کاک هاشم وەک رێزلێنانێک لە یادەوەری ئەو کۆمەڵکوژییەی لەوگوندە ئەنجامدراوە



هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکەی کوریمێ، ژنەکە ناوی خەیاڵە،هاوسەرەکەی لەناو تەرمەکاندایە

[6] دیدار لەگەڵ فاخر صادق –گوندی کورێمێ ٢٠١٣/٨/٢٨

سەردانی گوندی کوریممان کرد، لەوێ چاومان بە زۆر کەس کەوتو زۆرلەخەڵکی گوندی کوریمێو گوندی چەلکێی دراوسییانم بینی، حاجی عوسمان لەبارەی کۆمەڵکوژی پیاوانی گوندەکەیانەوە ووتی: ( ئێمە هەژاری ماڵی خۆمان بووین، پێشمەرگە دەهاتنو خزمەتمان دەکردن، بەڵام ئێمە پێشمەرگە نەبووین)



**هاشم محەمەد رەشید دەربازبووی کۆمەڵکوژیی کوریمێ– شوێنی کۆمەڵکوژیەکە گوندی کوریمێ – ناحیێ مانگێشک – پارێزگای دهۆک**

سێ ڕۆژ دوای هێرش و پەلامارە کیمیاییەکانی ٢٥ ی ئاب، خەڵکی کوریمێش وەک گوندە کانی تر کەوتنە مشتومڕی ئەوەی چیبکەن. لە ٢٧ ی مانگدا پیاوەکان بڕیاریاندا ڕێی هاتونەهاتی هەڵاتن بگرنەبەربۆ تورکیا. بەڵام هەرئەو ڕۆژە درەنگانێ تووشی خەڵکانی ترهاتن کەبەشڵەژاوی لەودێهاتانەی ترەوە دەهاتن ئاگاداریان کردنەوە لەوەی تازە کار لە کار ترازاوەو تەواوی ڕێگاوبانەکانی سنوور، سەرباز گرتوویەتی. ڕۆژی ٢٨ی ئاب کە ژمارەیەک خەڵکی گوندی ( چەلکێ ) شیان کەوتبووە تەک، کە تا ئەوکاتە خۆیان خزاندبووە ناودۆڵوشیوەکان یەکیانگرتبووەوە. بە هەموویان چەند سەد کەسێک دەبوون هاتنەوە بەرەو گوندی کوریمێ خەڵکەکە ئەوشەوە تا بەیانی بەڕێوەبوون و زۆر ماندووبون، لە ترسی پەلاماردان نەیاندەوێرا بوەستن. ڕۆژی ٢٨ی ئاب جارێکیتر گەیشتنەوە دەوروپشتی کوریمێو بەپێی خۆیان هاتنەوە ناو دۆزەخ. چونکە لە پێشتر سەربازو جاش گەیشتبوون، پیاوەکان هەر کە هێزەکەیان بینی ئاڵای سپیان هەڵکردو دەستی تەسلیم بونیان هەڵبڕی. ئەفسەرەکان، دوو مولازمی گەنج بوون بەناوەکانی " عەباسو محەمەد" تەمەنیان گەنج بوو هەروا گەیشتبووە بیست ساڵ، هەر لەوێدا فەرمانیاندا پیاوەکان لە ژن و منداڵ جیابکرێنەوە. بەڵام پێدەچوو هێشتا دڵنیا نەبن چیان لێبکەن. بەڵام پاش چاوەڕوانیەکی کەم یەکێک لە ئەفسەرەکان فەرمانی بەو ٣٣ پیاو و کوڕە هەرزەکارەکرد، لەوانیتر جیاببنەوە، ئەو کۆمەڵە خەڵکە تەمەنیان لە نێوان ١٣ بۆ ٤٣ساڵیدا بوو. گوندنشینەکانی تریان پێشخۆداو بردیانن، پیاوەکانیشیان لە سەرچیچکان دانا. هاشم محەمەد رەشید یەکێکە لەدەربازبوانی ئەوکۆمەڵکوژییە باس لەوەدەکات کە لەوێدا سەربازەکان دڵیان دەدانەوەو بگرە جگەرەو ئاویشیان پێدابوون. لەوچاوەڕوانیە دژوارەی نێوان مەرگو ژیاندا یەکێک لە ئەفسەرەکان بە بێتەل قسەی لە گەڵ فەرماندەکانی سەروخۆیدا کردبوو کە لە ناحیێ مانگێش بارەگایان خستبوو، لەو پەیوەندیەدا رایگەیاندبوو کە تاقمێک لە "تێکدەرانی بەچەکەکانیانەوە" گرتووەو چاوەڕێی فەرمانی بەرێزیانە. بەڵام بەداخستنی بێتەلەکە دەرگای دۆزەخیش بۆ ئەو ٣٣ کەسە کرایەوە کاتێک ئەفسەرێکیان هاواری کردو بەسەر سەربازەکاندا نەراندی : " ارمیهم" دەسڕێژ یان لێبکەن. بەمجۆرە هەر لەوێدا (٢٧) بیستو حەوت کەس لە سیو سێ کەسەکە کوژران، لەوانە ١٨ هەژدەیان خەڵکی "کوریمێ" و ( ٩ ) نۆشیان خەڵکی "چەلکێ" بوون. لەدواییدا بەفەرمانی ئەفسەرەکە تاقە سەربازێکیان چووە سەر تەرمەکانوهەر یەکەیان (طلقه رحمه" فیشەکێکی بەزەییان پێوەنابوون، دوای ئەوە هێزەکە بەبێ ئەوەی تەرمەکان دابپۆشن بەخێرایی شوێنەکەیان چۆڵکرد، بەو شێوەیەی کوشتیانن تەرمەکانیشیان بەجێهێشت بۆئەوەی لە بەر خۆری هاوین بۆگەن بکەن، یان سەگ ودڕندەی کێوی لاشەیان بخوات ئەم ڕەفتارە

دزێوە سەرباری دڵڕەقیو سوکایەتی پێکردنەکەشی بەخێر بۆ ئەو ٦ کەسە گەرایەوە کە هێشتا زیندووبوونو نەمردبوون، چونکە توانییان سود لەدانەپۆشینی تەرمەکان ببینو دەربازبن، دیاربوو هۆی کشانەوەی سەربازەکان بەو خێراییە بۆ ئەوەبوو بریاری تۆپبارانکردنی ناوچەکە هەبوو، ئەو رۆژە لەگەڵ حاجی عوسمانو هاشم محەمەدو هاورێم سمکۆ سابیر چوینە هەمان ئەو شوێنەی کەوا خەڵکەکەیان لێگرتبوو، هاشم لەسەرەتاوە چیرۆکی گرتنو جیاکردنەوەو رەفتاری ئەفسەروسەربازەکانی بۆگیراینەوەوەو جاربەجارێکیش حاجی عوسمان خۆی دەهاویشتە ناوقسەکانەوە، دوای ئەوەی شوێنی جیاکردنەوەی ژنوپیاومان بەجێ هێشت بەناو داربەروەکانی کوریمێو بەسەر پوشی زەردهەڵگەراوی کۆتایی مانگی ئابدا شۆربووینەوە بەرەو نزمایی کە شوێنی تاوانەکەبوو، هێشتا نەگەیشتبووینە چەقی شوێنەکە هاشم ووتی : سەربازەکان زۆر نەرم بوون لەگەڵماندا ئاویان دەداینی جگەرەیان دەداینیو هەر دەیانگووت: (الله کریم)، کە گەیشتینە نزماییەک هاشم لەو کاتەدا چۆن دایاننیشاندبوون ئاوا دانیشت ووتی : من ئەلێرە بووم، کە وتیان دانیشن ئیتر من لەسەر پەرەوە بووم، هەتا سەربازەکانیش ریزبوون من ئومیدێکم هەبوو، بەڵام کە دەسەرباز ریز بوون، من بە عەبدالقهارم ووت، دەمانکوژن ئیتر کەوتیان دانیشن من ئەو سەربازەم لێوە دیار نەبوو کە لەبەرامبەرمن وەستابوو تەقەی دەکرد، ئەوە بوو دوای ئەوەی ئەفسەرەکە هۆکی تۆکیەکەی داخستەوە فەرمانی بەسەربازەکان کرد تەقەبکەن، من لەو گوللە بارانەدا هیچ فیشەکێکم بەرنەکەوت، تەنانەت بەپارچەیەکیش بریندار نەبووم، بەڵام دواتر کە سەربازەکە هاتە سەرمان بۆئەوەی گوللەی بەزەیمان پێوەبنێت ئەو بریندارى کردم.

کە سەربازەکان تاوانەکەیان ئەنجامداو کۆمەڵکوژییەکەیان کرد، هەروا نزیکەی ٥٠٠ مەترێک لێمان دورکەوتنەوە ئینجا تۆپباران دەستی پێکردو پوشوپەڵاش گڕی گرتو ئاگر گەیشتە ناوتەرمەکان، من وعەبدولقهار بریندارببووین، کەریم نایف تاقە گوللەیەک سەرچیغ سەرشانی گرتبوو، ئەوەندەی توانیمان کوژاندمانەوە بەڵام دەبوو بەزوویی ئێمە ش برۆینو لەوێ نەمێنینەوە دوای حەفتەیەک ئینجا سەربازەکان ئەویش بەتکاو رجای مەلا جەمالی ناحیێ مانگێشک گەرانەوە سەر تەرمەکانو لەدوو چاڵدا کۆیان کردنەوەو خۆڵیان بە سەردا کردن.

کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێو هەڵاواردنی بەو شێوەیە هێشتا مشتومڕی لەسەرە، بەڵام هەتا ئەمڕۆ بە ئاڵۆزی ماوەتەوە ..! کە هۆی چیبوو مامەڵەی سوپا لەگەڵ ئەنفالکراوەکانی گوندی کوریمێ جیاوازبوو، کە بریاری گوللەبارانکردنیان هەرلەجێدا درا، لەکاتێکدا جگە لە حاڵەتێکی بچوکتری گوندی مێرگەتوی تاکە شوێنە کە هەرلەجێدا کۆمەڵکوژکرابن.. بەپێچەوانەی قسەکانی هاشم محەمەد رەشیدەوە بۆچوونی میدل ئێست وۆچ وایە کە خەڵکی کوریمێ بەوە ناسراوەکە سەربەحکومەتبنو زۆربەی پیاوەکانی دەستیان لەگەڵ دەزگای ئەمندا تێکەڵ بوبێ لەمبارەیەوە نوسیویەتی ( لە نێو ئەو هەموو تیۆریانەدا کە باسی لێوە دەکرێت، ڕەنگە گونجاوترینیان ئەوە بێت کەوا رۆڵی جارانیان لە ئەمندا کلیلی نهێنیەکە بێت. کوریمێ وەک گوندێکی دڵسۆز، وا چاوەڕوان دەکرا سەری ڕەزامەندیی بۆ "هێڵە سوورەکەی"ساڵی ١٩٨٧ بلەقێنێو دانیشتوانی لە سەرژمێریەکەی ئۆکتۆبەردا خۆیان ناونووس بکەن، کەچی لە جیاتی ئەوە گوندەکە خۆی قاچاخ کرد. لەو دەمەوە ئیدی ڕژێم ئەو ئەمنانەی جارانی ئەوێی بە خیانەتکاری تایبەت داناو ئەو بەڵگەنامە ڕەسمیانەش کە گیران ئەوە ئاشکرا دەکەن کە سزای ئەم جۆرە هەڵگەڕانەوەیە ئیعدامکردنی دەسبەجێ بووە.

ئەگەر ئەو بۆچوونە راست بێتو خەڵکی گوندی کوریمێ سەربە دەزگای ئەمن بوبن ئەوا ئەمەش بە پێی فۆرمەکانی ئەندامێتی لە حیزبی بەعسدا، کە لە ئەرشیفی حوکوومەتی عێراقدا هەڵگیراونو وەک بەڵگە دەست خەڵکی راپەریو کەوتن، تەنها شاردنەوەی ئەندامێتی پێشوو لە حیزبێکی سیاسی دیکە دا بەس بووە بۆئەوەی سزای مەرگ بەسەر هەرکەسێکدا بسەپێندرێ کە ئەندامێتی بەعسی واژۆکردبێت. هەرچەندە ئەم بۆ چوونەی مێدڵ ئێست وۆچ ریی تێدەچێت بەڵام ، ئەوەش جێگەی پرسیارە ئەگەر پیاوی بەعس بوون بۆچی لەفەرمانەکانی لادەدەن

بەتایبەتیش راسپاردە هەڕەشە ئامێزەکەی  ساڵی ١٩٨٧ کە بریاری کوشتنی هەموو زیندەوەرێکی تێدابوو، هیچ بوارێکی بۆ وەها لادانێک نەهێشتبووەوە..؟ چ جای بۆکەسانێک کە سەر بە دائیرەی ئەمنیش بووبن، لەلایەکی تریشەوە بەعس لەگەڵ  ئەوانەی تر زۆر دڵڕەقانەتر جوڵاوەتەوە کە بێلایەن بوونو ئەنفالکران.. لەناوکەمپەکانی نزارکێوسەلامێدا شایەتحالەکان توندوتیژودلرەقی ناخۆشتردەگێرنەوە. بەڵام دوای سەردانم بۆ گوندی کوریمێ تێگەیشتم کوریمێش وەک هەندێک گوندی تر دووبەرەو دووبەش بوون، ئەوبەشەی تر زۆریان پێیاوی رژێم بوون و لەدەزگاکانی ئەمن رۆڵ وناوبانگیان هەبووەو هەندێکیان لەقەلای نزارکێ کاربەدەست بوون، تەنانەت هەیانبووە لەراپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەئەمنەسورەکەی شاری سلێمانیدا کوژراوە، بەڵام ئەمانە هیچیان بەرئەنفال نەکەوتوون ولەوکۆمەڵکوژییەدا نەبوون .

هەرچەندە  دڵڕەقیو نامەردیی بەعسیەکان لەگوللەبارنکردنی پیاوەکانی کوریمێ دا مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرەو جێی مشتومڕنیە، بەڵام  ئەوەی  زۆر جێگەی سەرنجو سەرسوڕمانە لەو ( ٦ ) کەسەی لە کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کوریمێ بە رێکەوت رزگاریان بوو چیرۆکی ئەبابکر عەلی سەعیدی تەمەن ٣٤ ساڵ بوو کە یەکێکە لەو شەش کەسە، بەرلەگوللەبارانکردنیان پڕکێشی کردووەو لەریزەکە رای کردووە بەڵام بە هەمووی  ١٠٠ م دورنەکەوتەوە کە بەرگوللەدرا لەوێ پێکراو کەوتە سەرزەوی،  شەوێکی تەواو لەشوێنی برینداربوونەکەی لە نزیک تەرمەکانەوە بە ئازارەوە تلایەوە، کەچی ڕۆژی دوایی کۆمەڵێک جاش هەڵیانگرتەوەوبردبویان بۆمانگێشو رادەستی سوپا یانکردبوو، لەوەش سەیرتر ڕادەستی هەمان ئەو ئەفسەرە کرابوو کە ڕۆژی پێشتر فەرمانی گوللەبارانکردنی دابوون، هەرچەندە ناسیبوشییەوە بەڵام  بەوەندە وازی لێهێنابووکە هەندێک قسەی ساردو سوکی پێگوتبوو بە پۆستاڵەکانی چەند لەقەیەکی قورسی لە قاچە بریندارەکەی دابوو، ئیتر لەوێوە وەک ئەنفالکراوێک ڕەوانەی قەڵای نزارکێی کردبوو بەڵام بەرلەوە لە نەخۆشخانەکەی مانگێش تیمارکراوەو پاشان براوە بۆ قەڵاکە، هێشتا لەوێ بوو کە لێبوردنە گشتیەکەی ٧ی ئەیلول دراو دوای ١٥ ڕۆژ ڕزگاری بووە. هاشمو ٤ کەسەکەی تریشیان بەهەمان لێبوردن هاتنەوەو خۆیان رادەستکردو دەربازیان بوو، بەڵام فتاح خەلیل کە گەنجێکی خەڵکی چەلکێی ئیسلام بوو، هەرلەو کۆمەڵکوژیە دەربازببوو، جارێکی تر گیرایەوە، هەرچەندە فەتاح وەک بێ سەروشوێن باس دەکرا بەڵام لەمیانەی بەدواداچوونەکانمدا بۆم ساغ بووەوە کە ئەو گەنجە لە قەڵای نزارکێ بەپێشچاوی خزمەکانیەوە لەوانە خاڵێکی خۆی بەناوی حاج حەکیم لەدیدارێکدا کە بەڤیدیۆ تۆمارم کردووە بۆی باسکردم کە بینیوێتی ئەمنەکان بەبلۆک دەکێشن بەسەریداو کوشتوویانە[7] ئیدی لەبەرچی ئەونهێنیەی باس نەکردووە و هەتا ئەوسا گوتوویانە بێسەروشوێنە رەنگە تەنها بۆ راگرتنی باری دەرونی دایکی ومنداڵەکانی بووبێت. جێگەی ئاماژەیە فەتاح برایەکی تریشی لەوکۆمەڵکوژیەدابوو، بەناوی صدقی ئەویش بەبرینداری رزگاری بوو، صدقی کەئێستا لە سوید دەژی تەنها پەنجەی شایتومانی بەرگولەکەوتووەو هەرلە رۆژی یەکەمدا عەبدولقهار بەچەقۆ بۆی لێکردبووەوەو ئێستا بێ پەنجەیە.



[7] دیدار لەگەڵ حاج حەکیم – کوریمێ – رۆژی ٢٠١٢/٨/٢٨ .

جیاوازی ئەوان لەگەڵ دەربازبوانی گەرمیان ئەوەیە بۆ بیابەنەکانی خواروی عێراق ڕەوانە نەکران، بەڵکو هەرلەجێداو لە شوێنی کۆکردنەوەکەدا لەگەڵ ٣٢ پیاوی تردا ، لەگوندەکەی خۆیاندا پاشئەوەی خۆیان داوەتە دەست سوپاوە پیاوەکان جیاکرانەوەوگولله بارانکران .

ئەو پێنج کەسەی تر لەو سەروەختەدا جگە لە بێدەنگیو پاراستنی نهێنی کۆمەڵکوژیەکە شتێکی تریان لە دەست نەهاتبوو، لە ژێر چنگی ستەمکاریو رژمی بەعسدا چیان لەدەست هاتبا..؟ هەتا ڕۆژگاری ڕاپەرینی ئازاری سالی ١٩٩١. کە تیمێکی پزیشکی دادوەری بەچاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆهەڵدانەوەی گۆڕی ئەوکەسانە هاتبوونە ناوچەکەیان، کە بەچەکی کیمیاوی کوژراون بۆ ئەوەی بەڵگە لەسەر رژێمی بەعس کۆبکەنەوە، ئا لەوکاتەدا ئەم دەربازبووانەش خۆیان پێناساندبوونو بوونە شایەتحاڵو چاوساغی تیمەکە بۆ بەهەڵدانەوەی شوێنی کۆمەڵکوژیەکە.

**هەڵدانەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکەی کورێمێ:**



ڕۆژی ٢٠١٢/٨/٢٨ لەگەڵ هاشم محەمەد رەشیدو حاجی عوسمان دانیشتوی گوندی کورێمێ چوینەوە سەر شوێنی گۆرەبەکۆمەڵەکە حاجی عوسمان زۆرگەرا بەدوای شوێنی برازاکەیدا کە لەگەڵ یەکێکی تر بەجیا لە گۆرێکدا نێژرابوون، حاجی عوسمان هیچی لەبارەی ئەو تیمەوە نەدەزانی کە هاتبوون بۆ هەلدانەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکەی کورێمێ بەلکو ئەو زیاتر باسی ئەوەی دەکرد کە قوربانیەکان بە جلو پشتینەکانیاندا ناسراونەتەوە، بەڵام لەراستیدا تیمەکە لەو پشکنینو لێکۆڵینەوەیەیدا، زۆر بەشارەزایی کاری هەڵدانەوەی کردووە، پەیرەویی ستانداردی نێودەوڵەتیی بۆ هەڵدانەوەی گۆڕ کردووە کەلەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بلاوکراوەتەوە "پرۆتۆکۆڵی نموونەیی لێکۆڵینەوەی یاسایی لەسەر یاساشکێنی، ملهوڕی و کۆمەڵکوژی. ئەنجامی تەواوی لێکۆڵینەوەی تیمەکە لە راپۆرتەکەی میدل ئیست ووچ و پزیشکانی مافی مرۆڤدا بلاکراوەتەوە، هەروەها (پەلاماری ئەنفال لەکوردستانی عێراقدا: وێرانکردنی کورێمێ)، کانوونی دووەمی ١٩٩٣. ڕێبازی کارکردنی تیمەکە لە هەر شوێنێک لەوشوێنانە باسکراوەو دواتریش ئەنجامی کاری تیمەکە لەهەلدانەوەی گۆرەکاندا، لەگەڵ دەربازبووەکانی ئەوکۆمەڵکوژیەدا " لەدادگای باڵای تاوانەکان وەک بەڵگەوشایەتحاڵ لە (٢٧) هەمین دانیشتنی دادگا سێ کەسیش لەدەربازبوەکان ( عبدوالقهار، عەبدولکەریمو ئەبابکر) لەدادگا ئامادەبوونو قسەیان لەبارەی تاوانەکەو چۆنێتی دەربازبوونیان کردوو، هەر لەو دانیشتنەی دادگادا بە ڤیدیۆ هەڵدانەوەی گۆرەکەو بەڵگەی پزیشکی دادوەریش خرانە روو ئەوەش لەشاشەی تیڤییەوە نمایشکرا . وێنەکەی سەرەوە حاجی سەید حەسەنە لە گوندی کورێمێ بەدیار هەڵدانەوەی گۆرەبەکۆمەڵەکەی کورێمێوە دانیشتووە کە تیمەکە سەرقاڵی هەڵدانەوەو کارکردنن، جێگەی ئاماژەیە دوو کوری سەید لە گۆرەکاندان بەناوەکانی سەلام وصالح. ژنێک بەناوی حەسنا دەگێرێتەوە لەناو قەلای دهۆکێ کەمەبەستی قەلای نزارکێیە، سەربازهاتن ئاگریان لەریشی سەیدحەسەن بەرداوە.[8]

لەبارەی هەڵدانەوەی گۆری بەکۆمەڵی کورێمێ میدل ئیست ۆچ نوسیویتی : (ساڵی ١٩٩٣ تیمەکە کەوتە هەڵدانەوەو پشکنینی گۆرێکی بەکۆمەڵ لە گوندی ئەنفالکراوی کورێمێ کە پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی(٢٦)بیستو

---

[8] بروانە ئەنفالستان ژمارە یەکە دیدار لەگەڵ حەسنا – ٢٠٠٤ سلێمانی – چاپخانەی رەنج .

شـەش پیـاو تـاکە یەک کـوڕی هەرزەکاریـان بەسـتانداردی دادوەری پزیشـکی لێـدەرهێنا، کە دوای ریزکردنیـان هەموویـان لەلایەن دەسـتەیەکی چەکـدارەوە کوژرابـوون ، پسـپۆڕی شوێنەوارناسـی تـیمەکە ڕووپێـویی گونـدە ڕووخاوەکەی کردووەو نەخشـەی ئەوەی بۆ دروستکردووە کە پێش ڕووخـان چۆن بووەو لەکارەکەیدا تەکنیکی ستانداردی ڕووپێوی شوێنەوارناسیی بەکارهێناوە. ئینجا ئەندازەی قەوانە فیشـەکە کۆکراوەکانی گرتووە، ئەمەش بـۆ دیـاریکردنی جـۆری ئەو چەکـانەی لە شـوێنی کۆمەڵکـوژیو گوللەبـارانکردنەکەدا تەقەیـان پێکـراوە) لەو هەڵـدانەوەیەدا پسـپۆڕی ئەنترۆپۆلۆجیـاو سـەرۆکی تـیمەکەش کـاری پشـکنینی گـۆڕە بەکـۆمەڵەکەی کـوریمێی بەڕێوەبردو تەکنیکی ستانداردی گۆڕ هەڵدانەوەی بەکارهێنا، ئەمەش بۆپاراستنی پەیکەرە ئێسکەکان و هەر شتێکی تـر کە لەگـۆڕەکەدا مابێت. هەرچەنـدە میـدل ئیسـت ۆچ وابـلاوی کـردووەتەوە کە پەیـکەرە ئێسـکی ٢٦ پیاویـان دەرهێنـاوەتەوە بەڵام هەرچـی دەربـازبوانی ئەو کۆمەڵکـوژییەن هەریەک لە ( هاشـم، عەبـدول قەهـار، عبـدالکریم، ئەبابکر) جەخت لە ٢٧ پیاودەکەنەوە کە لەو گۆڕەدا بوون.
لێکۆلینەوەکـان لە مەیتخـانەی نەخۆشـخانەی گشـتیی شـاری دهـۆک ئەنجامـدراوە، بـۆ دیـاریکردنی ژمـارەی ئەوکەسـانەی لە گۆڕەکەدا بـوون، ئینجـا جیاکردنەوەی " تـوخمو رەگەزیـان، تەمەنیـان، یـان هەر نیشـانەیەکی تـری ناسینەوەیان لە گەڵ جـۆرو شـێوازی کوشـتنەکەیان. پـارێزەرانی تـیمەکەش، چاوپێکەوتنیـان لەگەڵ دەربـازبوانو گوندنشینی تردا ئەنجامدا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان کەبەڵگەی زانستیی پشتگیریی دەکردن. دواتر دەربازبووەکانی گونـدی کـوریمێو پسـپۆڕی پزیشـکی دادوەری دکتـۆر سـنۆترامبل لەدادگـای بـاڵای تاوانەکـان لەدانیشـتنی جیـادا شایەتیان لەسەر ئەو کۆمەڵکوژیەداو دۆسێی ئەنفالیان بەهێزترکردوو دەرگای ئەوە لەسـەر تـاوانەکە کرایەوە، کەوا لەتاوانێکی ئاساییەوە پێبهاوێتە ناو تاوانە نائاساییەکان" کە لەجیهاندا بەتاوانی نیودەولەتی دەژمێردرین"

**هەڵدانەوەی گۆڕەبە کۆمەڵەکەی برجینێ:**

ڕۆژی ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ سەرلەبەیانی گوندی برجینی کەوتە بەرپەلاماری گازو خەڵک وەک مەلی هێلانە لێ تێکچوو هەربەیەکدا دەهـاتن ودەچوون، ئەگەرچی بۆمبەکان هێندە دەنگیان بڵند نەبوو، خەڵک بترسێنێ بەڵام دواتـر گـاز کـاری خـۆی کـردو خەڵـک کوێردەبـوون وبەلادادەهـاتن، بەلای کەمەوە ٦کەس هەرلەجێدا کـوژران، دەربارەی کۆمەڵکوژی برجییو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ڕۆژی ٢٠١٢/٨/٢٨ چاوم بە پێشمەرگەیەکی دیرینی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کەوت بەنـاوی ئیـدریس عەبـدوڵا مـحەمەد حەسـەن کە بە "هەڵـمەت" ناسـراوە، لەدایکبووی ١٩٥٧ ئەو ڕۆژەی کیمیابارانەکە کرابوو، هەڵمەت لەو ناوچەیە بووەو بەچاوی خۆی فرۆکەکانی بینیبوو کە بۆمبەکانیان فرێداوەتە خوارەوە، دواتر چەند ژنێکی بینیوە کە شپرزەبوونو هیلاک بوون، هەڵمەت پێی گووتون دەنگ مەکەن هەتا خەڵک ورەی نەروخێ، بەلام دواتر کەوتوونەتە سـەر زەویو کار لەکارترازاوە، کاتێکی زانیوە بۆخـۆیو هەڤالەکانیشـی کەوتـوونەتە ناوکیمیـاویەوە، لەبارەگـایەکی پێشمەرگەشـی دابـوو ١٣ پێشـمەرگەی شـەهید کردبوو، بەلام لەنزیک هەڵمەتو هاورێکانی ئاراستەی با هاوکار بووە کە کاریگەری خراپی لەسـەر ئەمان نەبێت، هەڵـمەت بـاس لەوەدەکـات لەهەمـان کاتـدا هەمـوو نـاوچەکە کەوتـووەتە بەر پەلامـاری کیمیـاویو هەمـوو خەڵـک بەیەکداهاتوونو چونو موخابەراتی حکومەتیش بەردەوام پروپاگەندەیان بلاوکردووەتەوە کە خۆبەدەستەوە بدەن باشترە حکومەت بە کیمیاوی لێیاندەداو کەس نامێنێت. هەڵەمەت جەختی لەوەکردەوە کە خەلکی برجینی هەمـوو سڤیل بوون کە بەکیمیاوی مردن. ئەو دەلێت من نەمتوانی هیچ بکەم تەنها ئەوەنەبی بگریمو فرمێسک بۆ ئەو خەڵکە برێژم .
هەر ئەو تـیمەی لە کـورێمێ گۆڕەکـانی هەڵـدایەوە لەگونـدی بـرجینیش، مەسـحێکی شوێنەوارناسـیو هەڵـدانەوەو پشکنینی گۆڕەکانی ئەنجامدا، بە پێی بەرچاوروونیو هاوکاری کردنی دەربازبوانی گوندەکە، کە لە ٢٥ئابی ١٩٨٨ دا

بەچەکی کیمیایی بۆمبارانکرابوو. شوێنەوار ناسی تیمەکە مەسحێکی ستانداردی بۆ کەلاوەکانی گوندی برجینی ئەنجامدا. شارەزایانی ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکیی دادوەریش گۆڕی ئەو کەسانەیان هەڵدایەوە کە بە گازی کیمیایی مردبوون.

هەرلەوکاتەدا پارێزەرانی تیمەکەش چاوپێکەوتنیان لە گەڵ گوندنشینە دەربازبوەکاندا کرد. بێجگە لەوە، تیمەکە خۆڵو خاکی لەو چاڵانە دەرهێنا کە بۆمبە ژەهراویەکانیان بەرکەوتبوو. گرنگترین بەرهەمی ئەوکارەش ئەوەبوو کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا، تاقیگەی چەکی کیمیایی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا لە پۆرتن داون Porton Down ڕاپۆرتێکی لە سەر دۆزینەوەی پاشماوەی گازی خەردەلودەمار، لەو نموونانە بڵاوکردەوە کە لەو شوێنانە وەرگیراون،. ئەمە یەکەم حاڵەتی پەلاماری چەکی کیمیایی بوو کە لە سەر بنەمای پاشماوەی توخمی کیمیایی سەلمابێت لەوشوێنەدا کە بۆمبی بەرکەوتبێتو شوێنەواری بەجێهێشتبێت.

جگەلەوە هەرئەو تیمە لە کۆمەڵگایەکی ترکە ئەنفالکراوانی بۆ ڕاگوێزرابوون، گۆریان هەڵدایەوەو پشکنینیانکرد، سەرەتا گۆڕستانەکە لەلایەن پسپۆڕانی ئارکیۆلۆجیەوە رووپێوکرا بۆ دەسنیشانکردنی ڕێژەی گۆڕی منداڵو گەورە. پزیشکیی ( عەدل) دادوەری پزیشکیش گۆڕی سێ منداڵیان هەڵدایەوە، پشکنینەکە ئەو قسانەی پشتراستکردەوە، کە پێشتر بە تیمەکەیان راگەیاندبوو پاشئەوەی پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدا بوو کە تەمەنی نزیکەی ساڵێک دەبوو، ئەو ساوایە خوشکی دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژیەکەی گوندی کورێمێ بوو کەبەدەستی خۆی لەوێ ئەسپاردەی خاکی کردبوو، کە لە شیکاریدا دەرکەوتبوو نیشانەی بەدخۆراکیی پێوە دیارە ئەویش ئەو راستیەی سەلماند کە ئەنفالکراوەکان تا ئاستی مردن برسی کراون.

**کۆمەڵکوژی گوندی مێرگەتی**

لە گوندی مێرگەتی بناری چیای گارا ١٢ پیاوی تر پاشئەوەی رۆژی ٢٥ مانگ گوندەکەیان کیمیابارنکرا رۆژی ٢٦ی ئاب خۆیان ڕادەستی سوپا کرد، هەرچۆنێک بوو ئەفسەرێکی دڵنەرم توانی چوارکەسیان بەنیازی رزگارکردن جیابکاتەوەو بیانخاتە ناو کەمەڵی ژن ومنداڵەکەوە، ئەمە پاشئەوەی بەهۆکی تۆکی قسەی لەگەڵ سەروی خۆی کردبوو، فەرمانیان پێکردبوون بیانکوژن، بەڵام ئەفسەرەکە فەرمانەکەی جێبەجێ نەکردبوو کاتێک گەرانەوە فەرماندەکە ئەم هەشت پیاوەی بینبوو، چاوێ پەرییبووە پشتی سەری و لەئەفسەرە مەیدانیەکەی خوڕێ بوو، بۆچی فەرمانی منت شکاندوو ؟ بۆ نەتکوشتوون ؟ بەتورەیی فەرمانی کردبوو، هەرئێستا بیانبەنەوە بۆ شوێنی خۆیان و کۆتاییان پێبهێنە، ئەفسەرەکە بە نابەدڵی گەرابووەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەی، لە ٣٠٠ مەتر دوری گوندی مێرگەتووی هەرهەشتیان ریزکرد بوون فەرمانی بەسەربازەکان کردبوو ئەوانیش بەکلاشینکۆف دایانگرتبونەوە،[9] لەوکۆمەڵکوژییەشدا کە بریتی بوون لە(٨) کەس تەنها پیاوێک دەربازی بووبەناوی (بەنگین مستەفا عبدالقادر) لە دایکبووی 1966) بوو بەڵام دواتر خزمەکانی لەترسی ئەمن نەیانتوانی داڵدەی بدەن، بۆیە ناچاریانکردبوو خۆی رادەستی ئەمن بکاتەوە، ئیتر رۆیشت وجارێکی تر نەبینرایەوەو هەتا ئێستا بێسەروشوێنە . بە پێی چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ . کە لە شاری دهۆک، 6 ی حوزێرانی 1992. لەبارەی ئەو کۆمەلکوژییە ئەنجامیداوە، ئەوچوارکەسەش کە لەگەڵ ژنەکاندا، رەوانەی قەڵای نزارکێی دهۆک کران، رزگاریان نەبوو بەڵکو وەکو زۆربەی پیاوانی تری بادینان بێسەروشوێنکرانو جارێکی تر نەبینرانەوە.

---

9 ئەم باسە پشتی بە شایەتیی خزمانی یەکێک لەو هەشت پیاوە بەستووە، کەوا لەکاتی گوللە بارانەکەدا برینداربووەو دواجارخۆی گەیاندووەتە بارەگایەکی جاش, لەکۆمەڵگای قەدش. سەرجاوەی زانیاریی ئەمباسە تراژیدییەی گوندی مێرگەتووی لە( The Destruction of Koreme ) لە لاپەڕە 50 دا هاتووە.

ئەوکەسانەی لەکۆمەلکوژیەکەی گوندی مێرگەتووی کوژران حەوت کەس بوون کە لە ناویاندا یەکێک ناوی نادیارە، ئەوانیش کە کوژران ئەم کەسانە بوون:

1. محمد صالّح عبدالقادر (لە دایکبووی 1938).
2. مصطفی عبدالقادر مصطفی (لەدایکبووی 1926 یان 1927).
3. سلێمان شعبان چچۆ (لەدایکبووی 1956).
4. عادل محمد خالد (لەدایکبووی 1961).
5. ڕەمەزان أحمد حمو (لە دایکبووی 1968).
6. حمید أحمد حمو (مێژووی لەدایکبوونی نەزانراوە).
7. دەربازبووەکاتیەکەش ناوی بەنگین مستەفا عبدالقادر بوو (لەدایکبووی 1966).

## دەربازبوانی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ

١. هاشم محەمەد ڕەشید
٢. عەبدالقهار خەلیل محەمەد
٣. ئەبابەکرعەلی سەعید
٤. عەبدالکریم نایف حەسەن
٥. صدقی عەبدولقادرفتاح
٦. فەتاح عبدالقادر فتاح (سەبارەت بە فەتاح واباس دەکرا کە دواتر گیراوەتەوەو بێسەروشوێنکراوە بەڵام لە میانەی بەدوادا چونمدا خاڵێکی خۆی بەناوی حاجی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە لەقەڵای نزارکێ چاوی لێی بووە کە بەعسیەکان یاخود ئەمنەکانی ناو قەڵای نزارکێ بەبلۆک کوشتوویانە . بەڵام هێشتا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە .)

## ناوی ئەو کەسانەی لەکۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ دەرباز نە بوونو هەر لەجێداو لەناو ڕەزو باخەکانی گوندی کورێمێدا گوللەبارانکرانو ٢٧ کەسیان کوژران :

١. خەلیل محەمەد عەبدوڵا باوکی دەربازبوو عەبدلقهار .
٢. سەلام خەلیل محەمەد
٣. عەدنان خەلیل محەمەد
٤. ظاهر مستەفا صادق
٥. زبیر مستەفا صادق
٦. حەمید عبدالله قادر
٧. صدیق عبدالله قادر
٨. سەگڤان[10] حسین قادر [11]

---

[10] بە زمانی کرمانجی ژورو بادینی سەگڤان بەواتای دەست ڕاست یان نیشان شکێن دێت .

٩.	شەعبان حسين قادر
١٠.	سەلام حەسەن میرزا
١١.	صالح حەسەن میرزا
١٢.	خالد مستەفا اسماعیل
١٣.	صلاح مستەفا اسماعیل
١٤.	جەبار حەمدی مستەفا
١٥.	موراد عوسمان مستەفا
١٦.	عبدالرحمن حسين عمر
١٧.	حجی سليمان اسماعيل
١٨.	فتاح محەمەد فتاح
١٩.	احمد یەعقوب جاسم
٢٠.	محەمەد یەعقوب جاسم
٢١.	ئەکرم شەریف فتاح
٢٢.	موسی شەریف فتاح
٢٣.	عبدالستار شريف فتاح
٢٤.	نوری عبدالقادر فتاح
٢٥.	فاضل حەسەن طاهر
٢٦.	رشيد جعفر طاهر
٢٧.	موراد کریم یەعقوب

## قەڵای نزارکێ



**نزارکێ ناوی ئەو زیندانە گەورەیەی پارێزگای دهۆکە کە زۆربەی ئەنفالکراوانی ناوچەی بادینان زیاتر بەقەڵای دهۆک یان بە قلعە دهۆکێ ناوی دەبەن ئەم زیندانە پێشتر کەوتبووە خۆرهەڵاتی شاری دهۆکو لە دەرەوەی ناوەندی شارەکە بوو، بەڵام ئێستا بە هۆی فراوانبونەوەی ماستەرپلانی شارەوانی کەوتووەتە ناو قەرەباڵغی شارومالەکانەوە . ئەم گرتووخانەیە پێی دەوترێت ” قەڵای نزارکێ“ لە کۆتایی ئابو سەرەتای ئەیلولیساڵی 1988 بووە شوێنی کۆکردنەوەوپۆلێنکردنی ئەنفالکراوەکانی قۆناغی هەشتەمی ناوچەی بادینان کە بە (خاتمە الانفال ) ئەنفالی کۆتایی ناونرا، بەپێی قسەی**

---

11 لەچاپی یەکەمی کتێبیکمدا بەناوی (هاشم) ئەم لیستەم بڵاوکردووەتەوە بەڵام بەداخەوە ناوی باوکی سەگڤان بەهەڵەنوسراوە لەبری حوسێن بە عەبدوڵا نوسرابوو .

شایەتحاڵەکان لەو پەلامارەی ئەنفالدا زۆر پیاوی ناوچەی بادینان لەم قەڵایە دەستبەسەرکرانو زۆریشیان هەر بەپێشچاوی ژنو منداڵەکانیانەوە ئەشکەنجەی قورس دراونو هەندێکیشیان بەپێشچاویانەوە بە قۆناغە تفەنگ و تەنانەت بە بلۆک سەریان تەقاندوونو هەتا ئێستاش ئەم دیمەنە ترسناکانە لەیادەوەری ئەو پیرەمێردو گەنجانەدا ماوەتەوە کە ئەوسا منداڵ بوونو بەچاوی خۆیان ئەو تاوانەیان بینیوە. حاجی حەکیم یەکێک لەو پیرەمێردانەی گوندی چەلکێ کە کوشتنی فەتاح عەبدولقادری بەچاوی خۆی بینیوە کە لەگەڵ زۆر پیاوی تر بەبلۆک سەریان تەقاندون . وەک پێشتر باسمان کردووە فەتاح عەبدولقادر لە کۆمەڵکوژیەکەی گوندی کورێمێ رزگاری بوو بەڵام دواجار گیرایەوەو لەنزارکێ لەژێر ئەشکەنجەیەکی گراندا گیانی لەدەستدا . ژنێکی گوندی کورێمێ بەناوی حەسنا زۆرمەینەتی دەگێڕێتەوە ئەو ساڵی ٢٠٠٤ قسەی زۆری بۆ گۆڤاری ئەنفالستان کردووە ،



نزارکێو هەموو قەڵاکانی تر لەسەرهەمان نەخشە بنیاتنراون کە یەکەمین جار لەسەرەتای شستەکانی سەدەی بیستەم لە نوگرەسەلمانی پارێزگای سەماوە وەک یەکەمین زیندان بۆنەیارانی دەوڵەت دروستکراوە، لەسەرەتای هەشتاکانیشدا بەهەمان نەخشەسازی حکومەتی صدام حسێن لە هەر پارێزگایەکدا دانەیەکی بنیاتناوە، لەپارێزگای کەرکوک و دەوروبەری زیاتری لێ دامەزراندووە، هەموو قەڵاکان لە سەر نەخشەیەکی کۆنی روسی و لە دوو نهۆم پێکهاتوون، هەر نهۆمێک بریتیە لە 26 هۆڵی گەورەو 53 ژوور. کە لەسەر زەوییەکی پانو پۆر بە بەردی نەقارۆچیمەنتۆ داڕێژراون، هەریەکەیان بە چوار قولەی بازنەیی دەورە دراون، نەخشەی قەڵاو قولەکان کە لە هەردو نهۆمەکەدا لە سەرەوە بۆ خوارەوەن بەجۆرێکن تەنها بینینیان ترسو خۆفێکی تایبەت دەخاتە دڵەوە پەنجەرە بچوکەکانی لەسەر یەک هێڵی ئەندازەیی دامەزراونو هەموویان بە شیشی ئاسن تۆربەندیان بۆکراوە، ناوەراستیان حەوشەیەکی پانوپۆرو گۆرەپانێکی فراوانە، دوو دەرگای گەورەیان تێدایە **کە لەسەر یەک هێڵی راست دانراون**، بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلی درێژوبارهەڵگر بتوانن یەکەوراست لەهەردەرگایەکیانەوە چووە ژوورەوە لەوی تریانەوە لەسەرهەمان هێڵ بێ پێچکردنەوە بچێتە دەرەوە، دەرگا گەورەکانی نزارکێ یەکێکیان دەکەوێتە رۆژهەڵاتوئەویتریان دەکەوێتە رۆژئاواوە..زۆربەی ئەو قەڵایانە لەدەرەوەی شارو لەسەربەرزاییەکانو نزیکی جادەگشتیەکانی نێوان پارێزگاکان بنیاتنراون وەلی ئەوەی نزارکێ ئێستا کەوتووەتە ناو شارەکەوە . **ئەو وێنەیەی لەسەرەوە دیارە هاشم محەمەد رەشیدە دوای ئەوەی کە لەکۆمەڵکوژیەکە رزگاری بوو، ماوەی ٨ رۆژێک لەچیابەبریندارى خۆیان شاردەوە بەلام کەلێبوردنی گشتی دەرچوو ئەوانیش رادەست بوونەوە، برانە قەڵای نزارکێ وماوەی چەند رۆژێک لێرە بەبریندارى مانەوەو مەینەتیەکی زۆریان چەشت .**

**فەوزیا مەحمود کچی حەسنایە،خەڵکی گوندێ کورێمێ . دەلێت ئەوسا من تەمەنم ١٥ سالان بوو، لەبیرمە ویستمان رابکەین بۆ تورکیا مال وحاڵمان پێچایەوەو ئێمە گەیشتینە نێزیک گوندی (دیهێ) کەتەیارەکان گەیشتنە سەرمان، کە گوندێ (وەرمێلێ) ل نێزیک چیایێ مەتین، بۆمبارانکردن دواتر جەیش وجاش هاتن وئێمەیان گرتوو، کردیانینە ناوسەیارەو بردیانین بۆ ناحێی مانگێشکێ و پێنچ ڕۆژ لەوێ ماین، ئێمە گوێمان لەدەنگی تەقەو قیژەی پیاوەکان بوون کە کوشتیانن دوایی ٥ رۆژ بردیانینە قەلای دهۆکێ دواین جار من باوکی خۆمم لە قەڵای دهوکێ دیت،ئیتر هەتا ئێستا نەمدیوەتەوە، دەستی برایەکی بچوکمی دایە دەستم و گوتی بابە ئامانەتی خوشک وبرای خۆت و ئاگات لەخوشک وبرای خۆت بێت . هەتا بەردەم مێزی ئیفادەکەش بابی خۆم دیت وئیتر نەمدیتەوە. چیرۆکەکانی قەلای نزارکێ و ئەنفالکراوەکانی بادینان هەرگیز تەواونابن**

**لەهەمووی ئەستەمتر ئەم قەڵایە وەک زیندان ودۆزەخی ئەنفالکراوەکان بوو، لەدوای راپەرین بووە سەرپەنای هەمان ئەو خەڵکانەی لەوەی دەستبەسەر بوون، زۆرێک لەو ماڵە هەژارانەی ئەنفال سەرو وسامانی بردبوون لەبێ کەسی وبێ سەرپەنایی بەناچاری چوونەوە ناو قەڵای نزارکێ وهەتا ساڵی ٢٠١٣ش هێشتا نزارکێ سەرپەنایان بوو !**

## پاداشت و مەدالیای ئازایەتی بۆ جەلادەکانی ئەنفال

بەگشتی هەموو ئەو ئەفسەرو موستەشارانەی رۆڵی بەرچاویان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا هەبووە پاداشتکراون‌و مەدالیای ئازایەتیان لەلایەن خودی صدام حسینەوە پێدەبەخشراوە، لێرەدا وەک مشتێک لەخەروارێک بەبەڵگەوە هەندێک ناو دەخەمە بەردەست کە صدام حسێن تکریتی چۆن مەدالیای بەپیاوەکانی بەخشیوەوهانی ئەفسەرانی سوپای داوە بۆتوندوتیژی و بەدکاری.

**نوسراوی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ دیوانی سەرۆکایەتی ژمارە /أ/٥٨١٢/١٨ ڕێکەوتی ١٠/ ت٢ / ١٩٨٨**

**بۆ/ دیوانی سەرۆکایەتی**

**بابەت / پاداشت**

ڕەزامەندی بەرێز سەرۆکایەتی پێشەوای گشتی هێزەچەکدارەکان وەرگیرا خواپیپارێزی لەسەر بەخشینی (نوط الشجاعه) مەدالیای ئازایەتی بەو ئەفسەرانەی ناوەکانیان ریزکراوە لەگەڵ پلەکانیان بۆهەریەکەیان .

- فەریق روکن نعمه فارس حسین جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆراهێنان لە فەیلەقی پێنج لەکاتی پرۆسەکانی ئەنفالی یەکەم
- لیوا رکن یونس محەمەد زەرب پێشەوای فەیلەقی پێنج بە هۆی پێشەوایەتی کردنی لە کاتی پرۆسەکانی ئەنفالی هەشتەم‌و کۆتایی ئەنفال و (بلغه)
- هەڤاڵ لیوا عەبد سەلمان حەمدی رازگری لقی عموریەی سەربازی (فل/٥) کە رۆڵی گرنگو بەرچاوی هەبووە لە پرۆسەی ئەنفالی هەشتەم‌و کۆتایی ئەنفال
- عەمید روکن (صباح اسماعیل فەرحان) پێشەوای هێزی ٤٥ کە بەشداربووە لە پرۆسەی ئەنفالی هەشتەم .

تکایە بفەرموون بۆکاری پێویست .

فەریق روکن

عەلائەدین کازم حەماد

ڕازگری گشتی پێشەوایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان .

١١/١٠
وێنەیەک بۆ /
سەرۆکایەتی کۆمار ( ئەلسکرتێر) تکایە بفرەمووبن بۆ بەدواداچون ... لەگەڵ ریزدا .

لەهەمان بەڵگەنامەدا برگەی و - لەلاپەرە (٢) نوسراوێکە لە دیوانی سەرۆکایەتیەوە ئاراستەی سەرۆک کۆمار کراوە، ناوەڕۆکەکەی باس لەوە دەکات ئەو ئەفسەرانەی کە ناویان هاتووە بریتین لە حەوت ئەفسەری پلەبەرزی فەیلەقی یەک و هەشت ئەفسەری فەیلەقی پێنجو سێ ئەفسەری ڕازگر ئەوانەی وا پێشەوایەتی تیپەکانیان کردووە لە کەرتەکانی فەیلەقی یەکو پێنجدا لە پەلاماری هەشتەم و ئەنفالی کۆتایدا بەشدارییان کردووە و رۆڵی بەرچاویان هەبووە، لە نیوان ٢٨ی ئاب هەتا (٢ – ٣) ی ئەیلولی ١٩٨٨ خەڵاتکراون بە بری ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینارو بەخشینی کاتژمێرێکی دەستی کە وێنەی بەرێزتانی ( صدام حسێن) لەسەرە .
ناوەکان بەم شێوەیە ریزبەند کراون :
فەیلەقی یەک :

١- عەمید روکن / عەبدول مەجید عەباس وەهیب – پێشەوا فق مش /٢
٢- عەمید روکن / عەبد عەون نیعمە مەنسور[12] – پێشەوا فق مش /٢٤
٣- عەمید روکن / ئیبراهیم خلیل ئیبراهیم – پێشەوا فق مش /٣٧
٤- عەمید (ق خ) روکن / دورەید مستەفا شاکر – پێشەوا فق مش /٤٠
٥- عەمید روکن / عەلی ئەحمەد محەمەد صالح – پێشەوا فق مش /٤٦
٦- عەمید روکن / ناسر مەجید تۆفیق – پێشەوا فق مش /٥٠

فەیلەقی پێنج :

٧- لیوا (ق خ) روکن / عیسمەت سابر عومەر – پێشەوا فق مش /٤
٨- عەمید روکن / ئەمیر جاسم حەسۆ – پێشەوا فق مش /٧
٩- عەمید روکن / عەبدول جەلیل عەبدولحەمید موحسین – پێشەوا فق مش /٢٩
١٠- لیوا روکن / محەمەد تاهیر تۆفیق – پێشەوا فق مش /٣٥
١١- لیوا روکن / حەمید شاکر مەحمود – پێشەوا فق مش /٤١
١٢- لیوا روکن / عەبدولئەمیر عەلوان حسین – پێشەوای هێز/٣٨
١٣- لیوا / ئەیاد شەعبان رەمزی – پێشەوا فق مش /٤٢
١٤- عەمید روکن / قاسم صالح حەسەن - پێشەوای هێزی (جحفل الدفاع الوگنی / ٥)

---

[12] ئەم ئەفسەرە لە قۆناغی ئەنفالی یەکەمیشدا رۆلێکی زۆر درندانەی بینی و زۆرێک لەو کەسانەی لە ئێران بە لێبوردنی گشتی گەرابوونەوەو خۆیان رادەستی سوپاکردبوو لەسەیتەرەکەی سونێ دەستبەسەرکرابوون و رەوانەی تیپی ٢٤کرابوون کە بارەگاکەی لە چوارقورنە بوو، هەندێکیش خەڵکی سێدەرو گوندەکانی دەوروبەری لە نزیک مەرگە خۆیان رادەستی تیپی ٢٤ کردبوو، بەڵام ئەو هەموویانی رادەستی ئەمنی هەولێرکردبوو دواتریش رەوانەی تۆپزاواکران و سەرئەنجام لە ناوچەی حەزەری پارێزگای موسڵ تەرمەکانیان دۆزرانەوە .

ز- ڕێزلێنانی هەڤالانی رازگری حزب لەناو سوپادا کە ناویان هاتووە بری (٣٠٠٠) سێ هەزار دیناریان پێ بەخشراوە لەگەڵ کاتژمێریکی دەستی کە وێنەی بەرێزتی لەسەرە .
یەکەم . هەڤاڵ عەمید محەمەد خەیری محەمەد رازگری پێشەوایەتی ( شعبەی شەرحبیلی سەربازی . لە تیپی ٢٩ .
دووهەم . هەڤاڵ عەمید / عەلی لوفتە حسێن – رازگری پێشەوایەتی (شعبە خالد العسکریە) (فق / ٢)
سێهەم . هەڤاڵ عەمید روکن/ عەلی صالح حەمودی ئەلدوری – رازگری پێشەوایەتی (شعبە موسی بن نصیر العسکریە) (فق مش / ٣٥)